# پشت پەردەکانی شۆڕش و

# چەند کتێبێکی دیکە

( بەرهەمی ساڵێك خوێندنەوە )

هێمن مەحموود

*ناوی کتێب: **پشت پەردەکانی شۆڕش و چەند کتێبێکی دیکە**
*بابەت: **کتێب**
*نوسینی: هێمن مەحموود
*تیراژ: 500 دانە
*نرخ: (1500) دینار
*چاپی یەکەم: ساڵی 2024

## پێشەکییەکی کورت

خوێنەری ئازیز...

ئەمەی دەیخوێنیتەوە بەرهەمی خوێندنەوەی یەک ساڵە کە تیایدا خوێندنەوەم بۆ ئەو کتێبانە کردووە کە لەساڵی 2023 خوێندوومەتەوە و کورتەیەکم لە فەیسبووکی خۆم لەسەر نووسیوەو دواتر چەند ماڵپەڕ و پەیجێک بڵاویانکردۆتەوە...

دەبێت ئەوە بڵێم لەو ساڵەدا کۆمەڵێک کتێبی دیکەم خوێندووەتەوە بەڵام کاریگەرییەکی وەهایان نەبووە لەسەرم و هیچم لەسەر نەنووسیوون.


هیوادارم بەرهەمەکە بە دڵتان بێت و لەکەمووکورتی بمانبوورن.

هێمن مەحموود

دەربەندیخان / 2024-1-1

ئەم کتێبە پێشکەشە بە (لەن)...

# بەغدا بۆ هەولێر..!
# "لە9ی ئابی 1995 تا 31 ئابی 1996"


بەغدا بۆ هەولێر
چەند دێڕی ڕۆژانەی هەولێره
لە ٩/٨/١٩٩٥ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦
شێرزاد هەینی

بۆ ئەم نەوە تازەیەی کە ئەو سەردەمەیان نەدیووە و بۆ ئێمەیەکیش کە تازە دەبووینە 17 ساڵی، خوێندنەوەی ئەم نامیلکەیە ڕێک پیشاندانەوەی وێنەی زەمەنێکە کە ئەوەی ژیانبوون و مرۆڤبوون و خۆشی بووبێت تیایدا نەبووە چونکە شەڕ و گرانی و نەهامەتی و نەبوونی و نائارامی سیمای سەرەکی ئەو سەردەمە بوون.

قاتوقڕی، برسێتی، جەنگ و کوشتنی دیلەکان، هەڵاتن و داگیرکردنی بارەگای حزبەکان، لاشەی پێشمەرگە شەهیدەکان لەناو مزگەوتەکان و کۆڵانەکاندا، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و پێنەدانی مووچە بۆ چەند مانگێک و گومرگ و دزێتی و خەڵک ڕفاندن و دزی و ئەشکەنجەدانی زیندانیان لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتەوە لە ناوچەکانی یەکتری، ئاوارەکردنی لایەنگرانی یەکتری و زاڵبوونی عەقڵیەتی عەسکەرتارییەت تەواوی ژیانی ئەو سەردەمەی داگیرکردبوو.

بەغدا بۆ هەولێر....نامیلکەیەکە(شێرزاد هەینی) لە هەولێرەوە ڕۆژانە بۆ ماوەی ساڵێک بیرەوەرییەکانی

**ئەو ڕۆژانەی وەک خۆی نووسیوەتەوە، ڕووداوەکانی پایتەختی تۆمارکردوون.**
**تیرۆرکردن، دزی، گرانی، قاچاخچێتی، ڕفاندن، چالاکی هونەری، دۆخی وەزارەتەکان و حکومەت، دۆخی بازاڕ، بەرزونزمی نرخی دۆلار، نەبوونی خۆراک و بەرزی نرخی ئارد و ڕۆن و شەکر، ململانێی سیاسی، ئازادی میدیایی، پرۆژەکانی حکومەت، دابەشبوونی ئیدارە، ڕۆڵی پەرلەمان و سەدان ڕووداو و دیاردەی دیکە تاوەکو ڕۆژی 31ی ئابی 1996 و هاتنی زرێپۆشەکانی گاردی کۆماری سەدام و داگیرکردنی پەرلەمان و ڕووداوە تاڵەکانی ئەو ڕۆژەی تێدایە.**
**نووسەری ئەم بیرەوەرییانە زۆر بێلایەنانە و پیشەییانە، هەروەک کامێرامانێک کە فۆتۆیەک دەگرێت ئاوا بەبێ ڕتووش و هیچ زیادەڕۆییەک دیمەنەکانی تۆمارکردووە و مێژووی نووسیوەتەوە و حزبایەتی و لایەنگری کاری نەکردۆتە سەر هیچ شتێکی چونکە ئەوەی لەو سەردەمەدا ژیابێت ڕاستی و دروستی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت.**
**لە بەغداوە بۆ هەولێر...هەر بە تەنیا بیرەوەریی پیرە قەڵا نییە، بەڵکو بیرەوەری تەواوی سلێمانی و دهۆک**

و گەرمیان و هەڵەبجە و ڕانیە و چەمچەماڵیشە، بیرەوەری یەک کەس نییە بەڵکو بیرەوەری نەوەیەکە کە جەنگی ناوخۆیی و گرانیی و ئابلۆقە و نەخۆشی و نەهامەتی هەموو جوانییەکی لێسەندبوویەوە.
لە بەغداوە بۆ هەولێر..پیشاندانی جۆری حوکمڕانی یەکێتیشە لە هەولێردا،یەکێتی نیشتیمانی کە هەولێر و سلێمانی بەدەستەوەبوو، لەلایەک شەڕی پارتی دەکرد و لەلایەکی دیکە شەڕی عێراق و لەلایەکی دیکە شەڕی ئێران و تورکیای دەکرد کەچی حوکمڕانییەکەی زۆر لەوەی ئێستا باشتربوو، سەرەڕای ئەو هەموو گرفتە، مووچەی دەدا، پرۆژەی ئەنجامدەدا، ئازادی زیاتری سیاسی و میدیایی هەبوو،هەولێر ناوەندی بیروڕا جیاوازەکان بوو، لەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ، لەمپەڕی ئیسلامییەوە بۆ ئەوپەڕی عەلمانی، لەپەکەکەوە بۆ بەرەی تورکمانی، موعارەزەی عێراقی و ئێرانی ...هەولێر جێگایەکی گەورەبوو بۆ هەموو ئازادیخوازان بەبێ جیاوازی، بەڵام بێبەشیش نەبوو، لەتیرۆری ئەکادیمی و سیاسییەکان، دزی و تاڵانی و گرووپی ڕفاندن، دیاردەی چەکداری و هەڵکوتانە سەر ماڵان ....


مرۆڤ کاتێک بەو ڕووداوانەدا دەڕواتەوە کە لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە لەخۆی دەپرسێت باشە بۆچی دەسەڵاتداران وانەیان لەهیچ زەمەنێک وەرنەگرتووە؟ باشە خەڵک کە ئەو سەردەمە ناخۆشەیان بینی چۆن وا یەکسەر لەبیریانچوو..؟ باشە خەڵک لەبیری چوو کیلۆیەک ئاردی دەستنەدەکەوت؟ برنج نەبوو بیخوات..؟ ئیش نەبوو بیکات؟ ژیانی جەهەنم بوو..؟ ئەی حزبەکان بۆچی حوکمڕانییەکی باشیان پێشکەش نەکرد..؟

کاتێک ئەم نامیلکەیە دەخوێنیتەوە گریان قوڕگت دەگرێت بۆچی ژیانێک ژیاین، بۆچی خۆشییەک بینیمان..!

بەغدا بۆ هەولێر..نامیلکەیەکی لەبیرکراو و کەمبینراوە و بڕواناکەم زۆرینەی خوێنەران خوێندبێتیانەوە بەڵام بەحەق شایانی چاپکردنەوە و خوێندنەوەیە تا ئەم نەوەیە بزانن پێشووتر ژیان چی دۆزەخێک بووە..؟.

# هاوزاکەی هەموان..!

## "من دۆستی مرۆڤە شەریفەکانم و دەمامک ناکەمە دەموچاوم"


ڕۆمان
هاوزا
فیۆدۆر دۆستۆیفسکی
وەرگێڕانی
کەیوان هەورامی
لەگەڵ ٢ شرۆڤە

چۆنە ڕۆژێک لە پڕ کەسێک هاوشێوەی تۆ، بەهەمان ناوی تۆ، بەهەمان ڕووخساری تۆ، لەهەمان شوێنی کاری تۆ دەربکەوێت و ڕووبەڕووی تۆ بوەستێتەوە و خۆیت نیشانبدات؟ چۆنە ساتێک لە خەیاڵی خۆتدا کەسێکی دیکەی هاوشێوەی خۆت بدۆزیتەوە و قسەی لەگەڵدا بکەیت؟

(هاوزا) یاخود دەتوانین بڵێین(دووانە) جیاواز لەهەموو ڕۆمانەکانی دیکەی، لێرەدا دۆستۆیڤسکی قوڵترین و وردترین کاری لەسەر دەروونی مرۆڤ کردووە و بابەتێکی هەرە ئاڵۆز و قورسی دەروونی شیکردۆتەوە و قسەی لەسەر کردووە و گەلیادکینی پاڵەوانی کردۆتە نمونەی مرۆڤێک کە لەساتێک لەساتەکاندا هاوزایەکی لە واقیع و لە خەیاڵی خۆیدا بۆ دروستدەبێت و سەرەنجام بەهۆیەوە ڕەوانەی شێتخانە دەکرێت.

هەروەک (کەیوان هەورامی) وەرگێڕی کتێبەکە ڕوونیکردۆتەوە هاوزا مانای زۆری لێ دەکەوێتەوە و حەکایەتگەلی لەبارەوە دەگوترێت لە دیدگەی عیرفان و فۆلکلۆر و دەروونناسییەوە.

لەڕووی دەروونناسییەوە هاوزا نەخۆشییەکی وەهمییە و بەشێکە لە بوونی مرۆڤ، کاتێک تاک تووشی

کێشەی ڕۆحی و پەشێوییەکی توندی دەروونی دەبێت توشی هاوزا دەبێت، ئەو کەسانەی کە هەست بە تەنیاییەکی زۆر دەکەن بەنیازی هاودەم و دڵنەوایەکن بۆ ئەوەی دڵیان بکەنەوە و هاوزاش ئەم نیازەیان بۆ بەدی دەهێنێت.بەشێوەیەکی باو هەمیشە ئەو کەسانە هاوزا دەبینن کە لە لێواری شێتیدان و لەگەڵ ئەودا گفتوگۆ دەکەن، ئەو کەسانەی تووشی تەنیایی و خەمۆکی و پەرێشانی دەبن سەرەتا لەگوێی خۆیاندا دەنگێکی وەک چرپە یان ورتەورت دەبیستن کە ئەمەش چالاکییەکە لە دەرەوەی ویستی دەمار و مێشکدا بەتێپەڕینی کات ئەم چرپە و ورتەورتە زیاتر دەبێت و کەسی تووشبوو باری دەروونی خراپتر دەبێت و هەڵسوکەوتی نەشیاوی لێ دەوەشێتەوە و کەسانی دەوروبەری لێ دووردەکەونەوە و کەسی تووشبوو بەناچاری دەخزێتە کونجێکەوە، بەکورتیەکەی دێوانە دەبێت.

بەبڕوای من دۆستۆیڤسکی لە خوڵقاندنی کەسایەتی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەدا داهێنانێکی گەورەی کردووە و دەروونی مرۆڤی بە دوو جۆر نمایشکردووە کە لە گەلیادکینی یەکەمدا کەسێکی چاکەخواز و دەروونپاک و

بێ وەی و ڕاستگۆ و شەرمن ڕەنگدەداتەوە و لە گەلیادکینی دووەمدا کەسایەتییەکی درۆزن و فێڵباز و ساختەچی و زمانلووسی و بەرژەوەندیخواز ڕەنگدەداتەوە و ململانێی ئەم دووانە لەگەڵ یەکدا بەردەوامە.

ململانێی هەردوو گەلیادکین ململانێی چاکە و خراپەیە لە دەروونی مرۆڤدا، ململانێی خێر و شەڕە، ململانێ ڕاستی و درۆیە.


گەلیادکینی یەکەم دەڵێت" خۆتان باش دەزانن...من هەر لە بنەڕەتەوە پیاوی زمانشیرینی و مەراییکاری نیم..هیچ لەو جۆرە قسە پڕووپووچ و جوان و باقوبریقەدارانەش نازانم کە خانمان حەزیان لێدەکەن..خۆتان دەزانن کە ڕواڵەتیشم ئەوەندە سەرنجڕاکێش نییە..بەخۆداهەڵگوتنی بێماناش نازانم و خاوەنی هیچ حەیایەکی درۆینە نیم و هەر لێرانەشدا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دان بەمانەدا دەنێم".

دەشڵێت" من دۆستی مرۆڤە شەریفەکانم و دەمامک ناکەمە دەموچاوم".

دۆستۆیڤسکی بە سوودوەرگرتن لە دۆخی دەروونی خۆی کە نەخۆشی (فێ)ی هەبووە و بەدۆخی سەختی

**دەروونیدا تێپەڕیووە توانیویەتی لە کەسایەتی گەلیادکینی پاڵەوانیشدا دەروونی پەرتبووی مرۆڤ شیبکاتەوە و ئاڵۆزییەکانی بخاتە ڕوو.**
**هاوزا ڕۆمانێکی سادەو ساکار نییە و بەسەدان لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە و قوتابخانەی دەروونناسی سودێکی زۆری لێ بینیووە، خوێندنەوەشی زۆر سانا نییە و خوێنەر دەبێت زۆر بە وردی لەگەڵیدا بڕوات، بەڵام تا بڵێی ڕۆمانێکی ناوازەیە و چێژێکی تایبەتی هەیە، ئەوانەی لە دۆستۆیڤسکی تێنەگەیشتوون و چێژ لە ڕۆمان و دۆخە دەروونیەکانی پاڵەوانەکانی نابینن پێشنیاریان بۆ دەکەم نەیخوێننەوە چونکە ئاسان نییە بۆیان و تووشی بێتاقەتیان دەکات.**
**دواجار و وەک هەمیشە زۆر سوپاس بۆ (کەیوان هەورامی) کە ئەم بەرهەمە قورس و ئاڵۆزەی دۆستۆیڤسکی کردۆتە کوردی و لە زمانە جوان و پاراوە کوردییەکی بێبەشی نەکردوین.**
**"دەمەوێ بڵێم ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم ڕۆژانەدا دەمامک دەکەنە دەموچاویان ئێجگار زۆرە... ئەمڕۆکە ناسینی کەسایەتیی مرۆڤەکان لەژێر دەمامکەکانیانەوە کارێکی زۆر دژوارە".**

# مووسا عەنتەر...
# ئەستێرەگەشەی ئاسمانی بەرخودانی کورد


MÛSA ANTER
بیرەوەرییەکانم
مووسا عەنتەر
چاپی دووەم
لە تورکییەوە
محەمەد عزەدین

(مووسا عەنتەر) ناوێکی ئاشنا بەڵام دنیایەکی نەخوێنراو، ناوێکی دیار بەڵام جیهانێکی کەشفنەکراو..زۆرمان ناوی عەنتەرمان بیستووە بەڵام نازانین کێ بووە؟ چی کردووە؟ چۆن ژیاوە؟ بۆچی و لەسەر چی تیرۆرکراوە؟ چی بۆ دۆزی کورد کردووە لە باکوور؟.

مووسا عەنتەر سەدان شەو و سەدان ڕۆژی لە ژوورە تەنگ و بچوکەکانی زیندانەکانی تورکیا بەسەربردووە، بە تاق و تەنیا لەسەردەمێکدا کە بە کوردی قسەکردن، بە کوردی نووسین، بە کوردی بیرکردنەوە قەدەغە بووە عەنتەرەکەی خۆمان یاخی بووە و ئاڵای بەرەنگاری هەڵکردووە بە کوردی بیریکردۆتەوە و بە کوردی نووسیویەتی و بە کوردی قسەیکردووە.

سەردەمانێک مووسا عەنتەر لە گوندێکی بچووکەوە دەڕواتە ئەستانبوڵ و لە دڵی فاشیەتی تورکییەوە بەرەنگاری دەوڵەتی تورکیا دەبێتەوە کوردی باکوور لەسەردەمێکی تاریکدا ژیاون و کوشتن و بڕین و تاڵانکردن و سەرکوتکردن و تەنانەت ڕێگەنەدان بە قسەکردن بە زمانی دایکییان لەلایەن دەوڵەتەوە فەزای تەواوی شار و شارۆچکەکانی باکووری گرتبوویەوە، ئا

لەو سەردەمەدا عەنتەر لە ڕۆژنامەکاندا بە کوردی دەنووسێت و بە کوردی دەدوێت و عەرشی ئەتاتورکییەکان دەهێنێتە لەرزە و بۆ کپکردنی دەنگی ڕێگای زیندانی لێدەگرنەبەر و ساڵانێکی زۆر زیندانی دەکەن، ئەوان لە زیندانیکردنی ماندوودەبن، وەلێ عەنتەر لە کوردی نووسین ماندوو نابێت و کۆڵنادات.

بیرەوەرییەکانی عەنتەر یەکێکە لەو کتێبانەی بڕوام وایە دەبێت هەموو تاکێکی کورد بیخوێنێتەوە تا بزانین ئەم پیاوە کێیە و چی کردووە و چی بەسەرهاتووە تەنیا لەپێناوی یەک شتدا کە ئەویش دۆزی کورد و زمانی کوردییە لە باکوور.

بێ خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئێمە هەر بە تەنیا ناوی عەنتەرمان بیستووە،ئاشنای ئەو ئەشکەنجانە نەبووین کە لە زیندانەکانی تورکیادا چەشتوویەتی، ئاشنای ئەو ژیانەی نابین کە لە ئەستانبوڵ چی دەکات بۆ ئەو کوردانەی ڕوویانکردۆتە ئەو شارە، نازانین چی هەستێکی کوردانەی هەبووە کاتێک لەشوێنێکدا بەڕێکەوت گوێی لە ئەفسەرێکی تورک دەبێت بە شانازییەوە باس لە کورد کوشتنی شۆڕشەکەی دەرسیم دەکات و عەنتەر دەیداتە بەر شەق.

**مووسا عەنتەر بەخۆی هێندەی حزبێکی گەورە خەباتیکردووە و چالاکی نواندووە، لە دیاربەکر تەحەدای دەسەڵاتی کردووە و بە کوردی نووسیویەتی، ڕەخنەی گرتووە و فاشیەتی تورکی ئیدانە کردووە، هێندەی حزبێک ناووناوبانگی هەبووە، شانازی پێوەکراوە.**

**کتێبەکە ڕووداوی زۆر ناوازە و کاریگەری تیایە، ئاشنای کەسانێکی زۆر دەبین کە تەنیا ناومان بیستوون، شارەزاییەکی زۆرمان دەبێت لەسەر ڕووداوەکان، لەسەر ململانێکان.**


**لەشوێنێکدا مووسا عەنتەر باس لەوە دەکات کە عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەڕێگای ئەوەوە لە ئەستانبوڵەوە ڕەوانەی پاریس دەکات و دواتریش ئیرەیی بە قاسملۆ دەبات کە شەهیدکراوە و ئەم هێشتا ماوە، کەچی بەداخەوە دەستێکی ڕەشی فاشییەکانی تورک مووسا عەنتەریش شەهید دەکەن.**

**وەرگێڕانی ئەم کتێبە جێگای دەستخۆشییە و حەقوایە لە خوێندنگاکان بخوێنرێت..ئەم بیرەوەرییانە بیرەوەری نەتەوەیەکە، بیرەوەری هەموو کوردە...بەحەق مووسا عەنتەر ئەستێرە گەشەی ئاسمانی بەرخودانی کوردانە.**

مووسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت لە (مێردین) قسەکردن بە کوردی سزای دارایی و جەستەیی لەسەر بوو، ئەو شارە دەتووت کامپی کەڕوولاڵانە خەڵکی بە ئیشارەت قسەیان دەکرد.
دەگێڕێتەوە و دەڵێت لەگوندەوارەکانەوە خەڵک بارە داریان بە سواری کەران بۆ فرۆشتن دەهێنا مێردینێ، ئەو دارانە پەنجا-شێست قروشی دەکرد گەر باش با ئەوە پێنج-شەش لیرەی دەکرد. ئەو گوندییە کوردانە کاتێ لە کەر دەخوڕنەوە دەڵێن: چۆ-حەچە. لە مێردین کاتێک بە کوردی بە کەرەکە دەڵێن حەچە، جەندرمە کەمینی بۆ داناون و بەسەریاندا دەدەن و تێر قسەیان پێدەڵێن و بە زەبروزەنگ دەستگیریان دەکەن، کابرای گوندی قوڕبەسەریش تورکی نازانێت بە کوردی بەرگری لە خۆی دەکات بێئاگا لەوەی پێشتر خۆی ڕووبەڕووی تاوانێکی گەورەترکردۆتەوە و لەسەر قسەکردن بە کوردی دەستگیرکراوە.  یەکێک لەو گوندییانە لەسەر قسەکردن بە کوردی دەستگیردەکرێت کەوا خزمی دایکی مووسا عەنتەر دەبێت، دوای ئەوەی بارەکەی بە 5 لیرە فرۆشتبوو، بە 12 لیرە غەرامەی دەکەن و دوو ڕۆژیش دەستگیری دەکەن و دواتریش

تێروپڕی لێدەدەن ئینجا ئازادی دەکەن. دوای سێ مانگ و نیویش دەڕۆن بۆ گوندەکەیان ئەو 7 لیرەی دیکەی لێدەسێنن کە قەرزاربوو بیداتە حکومەت.

# چۆن بووم بە پرد..!


چۆن بووم بە پرد؟!
بیرەوەرییەکانی محەمەد ئەمین پێنجوێنی

محەممەد ئەمین پێنجوێنی ناوێکی دیاری گۆڕەپانی سیاسەتی کوردییە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکانی نێوان باکوور و باشووری کوردستان هەیە و ساڵانێکە لەو بوارەدا خەبات دەکات و شوێن دەستی بەجێماوە.
لەم کتێبەدا کە بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، پێنجوێنی هەر لەو سەردەمەی کە لەناو حزبی شیوعییەوە کاریکردووە تاوەکو باڵی قیادە مەرکەزی ئەو حزبە و دواتریش بوون بە ئەندامی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی و دواتریش مدیر ناحیە و بەڕێوبەری ڕۆشنبیری سلێمانی سەردەمی هەشتاکان تاوەکو پەیوەست بوون بە پەکەکە و هەوڵەکان بۆ وەستانی شەڕی ئەو حزبە و یەکێتی و پارتی لە سەرەتای نەوەدەکان، ڕۆشتن بۆ ئەوروپا و چالاکییەکانی ئەوێ و دوای چەندین ساڵ گەڕانەوە بۆ هەرێم و ڕۆڵبینین لە پرۆسەی ئاشتی تورکیا و هەتا دوایی.
چۆن بووم بە پرد کە لەو نازناوەوە وەریگرتووە کە ئۆ*چالا*ن پێی بەخشیووەو پێی وتووە تۆ پردی


**باکوور و باشووریت، پڕیەتی لە ڕووداو و بەسەرهاتی سەیر سەیر و نهێنی نەزانراو.**

**نووسەری ئەم کتێبە لە زۆر شوێندا بە ئاشکرا و بەبێ هیچ جوانکاریی و دەستکارییەک ڕووداوی تراژیدی و ناخۆش دەگێڕێتەوە، لەچەندین شوێنیشدا خۆی لە زۆر ڕووداو بواردووە و هەندێکیشی پەڕاندووە و لەبەر دڵی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی چاوپۆشی لێکردووە، بەڵام وەک گێڕانەوەی ئەزمونێک، بەسەرهات و پەندی زۆری تیایە.**

**ئەم کتێبە بۆ کەسانێک بیانەوێت بزانن لە پشتی پەردەوە لە هەرێمی کوردستان چی ڕوودەدات و پەیوەندی و ئاڵۆزی و شەڕ و ئاشتی حزبەکانی باکوور و باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چۆنە و چۆن ئاراستە دەکرێن و کاراکتەرە سەرەکییەکانی پشت پەردەی سیاسەتی سەربازی و هەواڵگری هەرێم کێن و چۆن بڕیاردەدەن زانیاری بە سوودی تیایە، بە کورتییەکەی ئەم کتێبە وێنەیەکی بچوککراوەیە لەو وێنە گەورەیە کە پیشانی خەڵک دەدرێت.**

کتێبەکە ڕووداوی سەیر سەیری تیایە کە حەزدەکەم خوێنەر خۆی بیانخوێنێتەوە و ئاگاداریان بێت و دواتر دادەوەرییان لەبارەوە بکات.
ئەم کتێبە کتێبی ئەزموونی ژیانی کەسێکە چەندین سەردەمی جیاوازی بینیوە و تیایدا چەندین وێستگەی ژیان و سیاسەتی تاقیکردۆتەوە و لەوسەرەوە هاتۆتەوە تا بیکاتە کتێبێک و ئێمە بیخوێنینەوە، من دڵنیام سەدان شتی شاراوەی دیکە ماون و نەیوتوون، بەڵام خۆ نووسەر ناچار نییە ئەوەی ئارەزووی لێنەکات بۆمانی بنووسێت، هەرچۆنێک بێت ئەم کتێبە شایانی ئەوەیە بخوێنرێتەوە و قسەی لەسەر بکرێت و ڕەخنەی لێبگیرێت و مافی خۆشی پێبدرێت.

# ڕۆژگاری تەها
# حوسێن...!


تەها حوسێن
لە عەرەبییەوە: شیروان هەڵەبجەیی
ڕۆژگار
بیرەوەرییەکانی تەها حوسێن

کاتێک ناوی (تەها حوسێن)ی گەورە نووسەری عەرەب دێت ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای ئەوە دەچێت کەسێکی نابینا چۆن توانیویەتی بەو جۆرە لە ژیان و کاری ئەکادیمیدا سەرکەوتوو بێت و ناو و ناوبانگێکی نەمر بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

کاتێک کتێبی بیرەوەرییەکانی (تەها حوسێن) دەخوێنیتەوە ئیدی گەورەیی ئەم کەسایەتییە و ئەم خوێندەوارەت بۆ دەردەکەوێت بە چی دەردەسەرییەک و بە چی هەوڵدانێک توانیویەتی لە گوندێکی دوورە دەستەوە بڕواتە ژێر سێبەری ئەزهەر و لەوێشەوە بۆ زانکۆ و لەوێشەوە بۆ پاریس و دواتریش گەڕانەوە بۆ قاهیرە و وەرگرتنی پۆستی وەزیری و مامۆستای زانکۆ و چەند دکتۆرایەکی فەخری زانکۆکانی جیهان و دەیان ناو و نازناوی دیکە.

ڕۆژگاری تەها حوسێن ڕۆژگاری پێش جەنگی جیهانی یەکەم و ڕۆژگاری دوای جەنگ و شۆڕشەکانی سەربەخۆیی میسر و ململانێ سیاسییەکانی میسر بووە.


ئەم پیاوە توانیویەتی لە گۆڕەپانەکەدا خاوەنی هەڵوێستی خۆی بێت و بەرگری لە بیروبۆچوونە نوێگەرەکانی خۆی بکات و دژی توێژی ڕۆشنبیری

**چەقبەستوو ببێتەوە کە خەیاڵەکانیان زۆر بڕی نەکردووە و نەگەیشتووەتە ئاستی خەیاڵەکانی ئەم.**
**تەها حوسێن کۆڵی نەداوە و بەردەوام لە هەوڵی فێربوونی تازە و خەون و دونیا بینی تازەدا بووە، گوێی بە هیچ ناخۆشی و ئاستەنگ و هەژارییەک نەداوە، لەڕێگەی گوێیەکانییەوە دونیای بە چاو بینیوە و لێکدانەوەی بۆ هەست و ڕەفتار و کردارەکانی بەرامبەری کردووە.**
**ڕۆژگاری تەها حوسێن زۆر جیاواز بووە لە ڕۆژگاری کەسێک کە دونیای بە دوو چاو بینیوە و تەنانەت زۆر جیاواز بووە لەم ڕۆژگارەی ئێمە کە هەموو شت فەراهەمکراوە و لە زەمەنی ئەودا و سەد ساڵێک پێش ئێستا شتێکی وا بوونی نەبووە.**
**ڕەنگە تاکە شتێک کە تەها حوسێنی لە ناخەوە ئازار دابێت ئەوە بێت کە شەرمی کردووە لەگەڵ کەسانی دیکەدا نان بخوات و هەمیشە حەزی کردووە بە تەنیا نان بخوات تەنانەت جارێک لە داوەتێکدا هەمووان نان دەخۆن ئەم تا کۆتایی هیچ ناخوات، پەشیمانی خۆشی لە شتێک دەردەبڕێت کە لە ماوەیەک لە ماوەکاندا خەریکی سیاسەت بووە.**

مرۆڤ کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە لەو ململانێیە تێ دەگات کە شەڕکردن لە پێناوی ژیان و سەرکەوتن چەندە سەختە، کۆڵنەدان و وازنەهێنان چەند گەورەیە، خەونبینین و ئومێد چەند گەورەیە.

دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە تێ دەگەیت ئەوە (تەها حوسێن)نییە کە نابینایە و دونیای نەدیوە، ئەوە ئێمەین کە دوو چاوی ساغیشمان هەیە بەڵام هێشتا کوێرین لەبەرامبەر دونیا و ژیاندا.

# سێبەری ئەو مارەی هەمیشە بەسەر ڕۆحمانەوەیە..!


رۆمان
سێبەری مار
قادرعەلیخا

ماوەیەکی زۆرە حەز دەکەم ڕۆمانێکی کوردی بخوێنمەوە، ڕۆمانێک..نووسەرەکەی، زمانەکەی، ڕۆحەکەی، کەسایەتییەکانی، ژینگەکەی، خەیاڵ و فەنتازیاکەی، ناوی پاڵەوانەکانی، دونیاکەی، تەواوی دونیاکەی کوردی کوردی بێت، کوردی بەو مانایەی هەست بکەیت ئیدی تۆ لەم زەمەنەدا ناژییت بەڵکوو لە زەمەنێکی دیکە، لە دونیایەکی دیکەدا دەژییت کە ساڵانێکی زۆرە تێپەڕیوە و لەناوچووە، دواجار لە (سێبەری مار)دا دۆزیمەوە.

ڕۆمانێک پڕ پڕ لە وشەی کوردی جوان و کەم بەکارهاتوو، وشەگەلێک تۆزی ڕۆژگار لەسەری نیشتوون و کەسێک هاتووە تەکاندوونی و دووبارە بە کاری هێناونەتەوە و گوێ و چاوی ئێمەی پێ پڕ کردووەتەوە.

(سێبەری مار)ی (قادر عەلیخا) ڕۆمانی بەرخودان و بەرگری، ڕۆمانی ژیانەوە و ژیاندۆستی، ڕۆمانی گەلێکی ئاوارە و داگیرکراوەوە.

من زۆر ناتوانم ناوەڕۆکی هیچ ڕۆمانێک بگێڕمەوە، بەڵام حەز دەکەم، تێڕوانینەکانم، هەستەکانم، کاریگەرییەکانم بە ڕۆمانێک باس بکەم بۆتان تا

ئێوەش دواتر ئەگەر بە دڵتان بوو بەدەستی بخەن و بیخوێننەوە.

سێبەری مار لە دووتوێی 200 لاپەڕەدا چیرۆکی گوندێکی ڕۆژهەڵاتمان بە ناونیشانی (کانی شیلان) بۆ دەگێڕێتەوە کە خەڵکەکەی سەرقاڵی ژیانێکی سادەی خۆیانن و لەپڕ ئۆتۆمبێلە پڕ لە چەکدارە نامۆکان بە ژیانی کوردەواری دەدەن بەسەریدا و داگیری دەکەن.

(سێبەری مار)چیرۆکی یادەوەرییە، یادەوەری منداڵێک کە دوای ساڵانێکی زۆر لە دابڕان و دوورکەوتنەوە دەگەڕێتەوە بۆ گوندە وێرانەکەیان و ورد ورد، هەنگاو بە هەنگاو، ڕووداو بە ڕووداو چیرۆکی و بەسەرهات و ژیانی کەسایەتی بە کەسایەتی، ماڵ بە ماڵ، شوێن بە شوێن دەگێڕێتەوە و دەبینەوە بە منداڵییەکەی جارانی ئەو.

ئەوەی لەم ڕۆمانەدا سەرنجی منی ڕاکێشا، زمانی گێڕانەوەیە کە ئەوەندە ورد و پڕە، ئەوەندە کوردییانەی جوانە، ئەوەندە هەنگاو بە هەنگاو بە شوێن خۆیدا دەتبات هەست بە بێزاری ناکەیت و وا هەست دەکەیت چوویتەتە دونیایەکی دیکەوە و ئێوارانی ئاوایی و دڵخۆشی و ژیاندۆستی خەڵکەکە و قسەوباس و

دەمەتەقێ و بەسەرهاتی ڕۆژانەی خەڵکەکەی وەک فیلمێکی سینەمایی دێتە بەرچاوت.
سێبەری مار چیرۆکی هەموو ژیانی کوردە جا چ لە ڕۆژهەڵات بێت یان ڕۆژئاوا، باشوور بێت یان باکوور، هەست بە جیاوازی ناکەیت، سەدان ڕووداو، دەیان پاڵەوان، هەزاران خەون و خەیاڵ پانتایی ڕۆمانەکەیان تەنیوە.
جیاواز لەوانەش بەکارهێنانی سەدان وشەی کەم بیستراو بۆ نموونە (مالووسکە لە دوای مالووسکە، کەندولەند، کەونارا، ڕێگای قیلەتاو، ماتەماتە، لاجامە، بەرجەوەندخۆش، حەواڵە بە گەواڵە، خەریک بووین بیچممان دەگرت، زنچکاو، مەفرەشبار، ئاوگەز، جووقەوار، حەچەل، ژێڵڵا، غڵدەغڵد، ئاژین، پێمەڕە.. و دەیان وشەی دیکە).
ئەمە ڕۆمانی بەرگریکردن و مانەوەیە، ڕۆمانی ئاوەدانکردنەوەیە دژی کاولکردن، ڕۆمانی ژیانە لە دژی، ڕۆمانی بەختەوەری و ڕووخۆشییە دژی تاریکی و نائومێدی.
من کاتێک ڕۆمانێکی وای کوردییانە دەخوێنمەوە گاڵتەم بەو بۆچوونانە لێ دێت پێیان وایە کورد هێشتا ڕۆمانی


نییە و زمانی کوردی هێشتا هی ئەوە نییە ڕۆمانی پێ بنووسرێت بخوێنرێتەوە، تۆ کە بە کوردی نەخوێنیتەوە و نا شارەزا بیت لە ئەدەبی کوردی بەدڵنیاییەوە هەر ئەوە بۆچوونتە.

سێبەری مار سێبەری ئەو مارەیە کە هەزاران ساڵە لەسەر ڕۆحی کوردە، سێبەری کوشتن و زیندانیکردن و تاڵانکردن و قڕکردن، سێبەری کاولکردن و پاکتاوکردن و سڕینەوە لەسەر نەخشەی گوند و شارەکانمان، سێبەری تاریکی مردن و پرسەگێڕان و مەرگدۆستییە لەبەرامبەر ژیاندۆستی و دڵخۆشی و ڕووخۆشی ئێمەدا.

(ئەوانەی لە گردەگڕوێوە دادەکشان، تەنیا کۆمەڵێک مرۆڤی چەکدار نەبوون کە سواری چەن ماشێنێکی بۆر بەرەو لای ئێمە وەڕێ کەوتبێتن، بەڵکوو ئەوانە هەورێک بوون لە ترس و خۆف.....دیتنی ئەوانە وەک ئەوە وابوو لە شوێنێکی چۆڵ و ئارام دانیشبێتی و لە تەنیایی خۆت دا سەرت کێشابێتە نێو دنیای دەروونتەوە و بە خەیاڵە خۆشەکانتەوە سەرقاڵ بی و بیر لە هیچ نەکەیتەوە، بێجگە لەو خەیاڵە خۆشانە و لە نەکاو سێبەرێک بە سەرت بکشێ هەست بکەی ئەو سێبەرە،

سێبەری مارێکە و خەریکە قەپاڵ بە سەرت دا دەکات و دەیەوێ هەڵتلووشێت.ئەوانیش بەرەبەرە دەهاتنە پێشێ و سێبەرەکانیان بەسەر ڕۆح و جەستەی ئێمە و داروبەرد و ماڵ و حەساری دێ دا دەکشا).

# دوو سەدە بێدەنگی...!!


د. عبدلحوسەین زەرین کوب
دووسەد ساڵ بێدەنگی
وەرگ. خوسرەو جاف

کاتێک ناونیشانی ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە ڕاستەوخۆ خەیاڵت بۆ کتێبێکی ئەدەبی دەڕوات، بەڵام کاتێک کتێبەکە دەخوێنیتەوە تێدەگەیت ئەمە کتێبێکی مێژوویی سیاسی کەلتوورییە و نووسەر باس لە قۆناغێکی مێژوویی گرنگی وڵاتی ئێران دەکات کە بە جەنگی (قادسیە-15ی کۆچی)ی نێوان عەرەبە ئیسلامەکان و دەسەڵاتدارانی ساسانی ئەوکاتی ئێران دەست پێدەکات و بە کۆتایی دەسەڵاتی عەرەب دوای 200 ساڵ لەو جەنگە لە ئێران دا کۆتایی دێت.

کتێبەکە کە لەلایەن (د.عەبدولحوسەین زەرین کوب) ەوە نووسراوە و (خوسرەو جاف) کردوویەتی بە کوردی، لە مێژووی ڕۆشنبیری ئێرانی دا بە کتێبێکی پڕ بایەخ و پڕ بەها وەسف دەکرێت و ئێرانییەکان شانازی پێوەدەکەن و بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی سیاسی و بەرەنگاری خۆیانی دەزانن و هەمیشە ئاماژەی پێدەکرێت.

عەرەبە موسڵمانەکان کاتێک لە شەڕی قادسیە ڕووبەڕووی ئێرانییەکان دەبنەوە و ڕۆستەمی فەرماندەی ئێرانییەکان دەکوژن، دوو چەکی کاریگەرییان بەدەستەوەیە کەوا دەکات سەربکەون،

یەکەمیان بیروباوەڕەکەیانە، دووەمیشیان خاکێتی و هەژاری و دنیانەویستی سەرکردەکانیانە، بە پێچەوانەی فارسەکانەوە کە بیروباوەڕەکەیان زۆر توند نییە و گەندەڵی و دووبەرەکی و خۆشگوزەرانی دەسەڵاتداران تەواوی دەسەڵاتی ساسانی لاوازکردووە، دواتر دوای شکانی قادسیە، فارسەکان لە جەلەولاش دەشکێن و دواتریش لە شەڕی نەهاوەندیش خۆیان ناگرنەوە و ئیدی دەسەڵاتی ساسانییەکان بۆ ئەبەد کۆتایی دێت و بە بڕوای نووسەر سەردەمێک دەست پێدەکات کە 200 ساڵ دەخایەنێت و تیایدا بە زەبری شمشێر و کوشتن و بڕین و بە کۆیلەکردن و کەنیزەککردنی ئێرانییەکان ئەو وڵاتە بێدەنگ دەکرێت.

نووسەری ئەم کتێبە زۆر بە وردی قۆناغەکان، کەسایەتییەکان، ڕووداوەکان یەک بەدوای یەکدا دەخاتە ڕوو، باس لە تەواوی ئەو بیروباوەڕانەی سەریان هەڵداوە، لە ئاینەکانی وەک (زەردەشتی، مانی، مەزدەکی...) دەکات و هۆکاری لەناوچوونیان دەخاتەڕوو، باس لەو کەسانەش دەکات کە یاخی بوون و شۆڕش و ڕاپەڕینیان دژی دەسەڵاتی عەرەبەکان لە ئێران دا هەڵگیرساندووە و دواتر خامۆشکراون،

هاوکات باسی ئەو کەسانەش دەکات کە لە دەرباری خەلیفەکانی ئومەوی و عەباسی دا بوونەتە دەسەڵاتدار و بە ڕەگەز ئێرانی بوون.
لەم کتێبەدا زانیاری جۆراوجۆر هەیە و ، نووسەر ویستوویەتی پێمان بڵێ ئاینی ئیسلام زۆر جیاوازە لە ئاینی دەسەڵاتداران و ئەوە دەسەڵاتدارانن بە ئارەزووی خۆیان ئاین بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن و هەر ئەمەش هۆکاری شکستی عەرەبەکانە، چونکە کاتێک دێن ئێران دەگرن خەڵکان و جەنگاوەری سادەن، بەڵام کاتێک لە ئێران دەردەکرێن گەندەڵی و ستەم دوو هۆکاری رووخانی خەلافەتەکانیان.
هاوکات باس لە جیاوازییە کەلتوورییەکانی عەرەب و فارس دەکات و ناکۆکی بیروباوەڕەکانیان دەخاتە ڕوو، ململانێ و شەڕی بەرژەوەندییەکانیان ئاشکرا دەکات کە هەر ئەمەش وایکردووە شیعەگەرایی دروست ببێت و ئێرانییەکان وەک چەکێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی عەرەب بەکاریبهێنن و خۆیان جیاواز دەربخەن.
لە شوێنێکدا نووسەر دەڵێت: شاری بەغدا، ئەو شارە رازاوەیە پڕ لە تاوان و گوناحە کە بە شاری هەزار و یەک شەوە ناوی دەرکردبوو، ئیتر تارمایی سادەگی و


سەرەتای ئیسلامی پێوە نەدەبینرا، خەلیفە جێگە و پێگەی شاکانی سەردەمی ساسانیان گردبوویەوە، هێڵێکی رەشیان کێشابووە سەر کاکڵەی ئیسلام و رۆحی ئیسلامیدا و لەسەردەمی دەسەڵاتی تیسفۆن و دەرباری کیسرا زۆرتر نغروبووبوون، لە شەهوەتڕانی و خۆشگوزەرانیدا.

بە کورتییەکەی ئەم کتێبە باس لەوە دەکات دەسەڵاتەکان جا هی فارس بن یان عەرەب، یاخود هی هەر نەتەوە و گەلێکی دیکە، کە دووبەرەکی، خۆخۆری، گەندەڵی، دزی، بەرتیل، نادادی، ستەم، چەوسانەوەی پەیڕەوکرد هێزێکی دیکە دێت لەناوی دەبات هەر چەندە ئەو دەسەڵاتە خاوەن هێز و مێژوو و شانازی و سەروەری بێت.

نمونەیەک لەو پاشاگەردانی و ستەم و گەندەڵی دەسەڵاتە نووسەر دەڵێت گەندەڵی بەجۆرێک بەربڵاوبوو، وەزیر کە تۆمەتبار دەکرا بە گەندەڵی و دەستگیردەکرا و داوای پارەیەکی زۆری لێدەکرا، ئەگەر پارەکەی نەبووایە دووبارە دەیانکردەوە بە وەزیر تا پارەکەی پەیدا دەکرد!.

بەداخەوە وادیارە کتێبەکە تا نیوەی هەڵەبڕی بۆ کراوە، چونکە لە نیوە بەدوا پڕە لە هەڵەی ڕێزمانی و ڕێنووسی و ڕستەی بێسەرووبەر و تەواونەکراو، بەڵام هەرچۆنێک بێت شیاوی خوێندنەوەیە تا لەو دوژمنایەتییە تێبگەیت عەرەبەکان و فارسەکان سەدان ساڵە هەیانە.

# بیرەوەریی بێ دەمامک..!



خوسرەو جاف
بێ دەمامەک

خوسرەو جاف ناوێکی دیاری دنیای نووسینی کوردییە و نزیکەی 80 کتێبی چاپکراوی هەیە و هێشتا بەردەوامە لە نووسین.

بە پێچەوانەی هەندێکەوە کە هەر لەخۆوە ڕقیانە لێی بێ ئەوەی بەرهەمێکیان خوێندبێتەوە و تەنیا بەهۆی نازناو و شێوازە ژیانە ئەرستۆکراتیەکەیەوە ڕەتی دەکەنەوە، هەرچەندە تا ئێستا نە لەنزیکەوە بینیومە نە دەشیناسم، بەڵام من پێم وایە ئەم نووسەرە یەکێکە لە هەرە نووسەرە زمانزان و خەیاڵجوان و بە سەلیقەکان کە بە ڕۆمان و وەرگێڕدراوەکانی کوردییەکی زۆر جوان و پاک و ناوازەی پەرەپێداوە و نەیهێشتووە کاریگەری زمانەکانی دیکەی تێکەڵ ببێت.

خوێنەر کاتێک خوسرەو جاف دەخوێنێتەوە هەست دەکات جافێکە و بەو دەشتانەی گەرمیان و شاخەکانی کوێستاندا لە کۆچ و ڕەودایە، هەست بە چێژێک دەکەیت کە دنیای مۆدێرن لێتی سەندووە و ئەم پێشکەشتی دەکاتەوە.

(بێ دەمامک) کە دەکرێت ناوی بنێین وردە بیرەوەریی یەکێکە لەو کتێبانەی خوسرەو جاف و سەرگوشتەی


جیاواز جیاوازی قۆناغەکانی ژیانی خودی نووسەری تێدایە و بێ دەمامک دەیانخاتە ڕوو.
لە دێی (کەلار)ی ساڵانی زووەوە دەڕوات بۆ خانەقین و دواتر بۆ بەغدا و دواتر بۆ تاران، پاشتریش بۆ بەریتانیا و ئەوروپا و دواجاریش بۆ بەغدا و هەولێر.
لە دنیای منالّی و شۆڕشی ئەیلولەوە بۆ ناوەندە هونەریی و ئاهەنگە شەونشینییەکانی هونەرمەندانی تاران و کافێ و قاوەخانەکانی لەندەن و نووسەرانی بەغدا و کۆمەڵەی نیشتیمانی دوای 2003ی عێراق و گیرسانەوە لە هەولێر.
سەرگوشتە و گێڕانەوەی جۆراوجۆر لەم کتێبەدا هەیە، نووسەر ناوی کەسەکانی وەک خۆی بردووە، باسی لە عەشق و خۆشەویستی و هەواگۆڕینەکانی خۆشی کردووە و بەشێوەیەکی هونەرییانە داڕشتۆتەوە.
یەکێک لەو بیرەوەرییانەی سەرنجی ڕاکێشام لەم کتێبەدا باس لە شەوە ئاهەنگێک دەکات کە لە کۆتاییەکانی ساڵی 1991 لە ماڵەکەی خۆی بۆ کامکارەکانی سازکردووە، دەڵێت بە بیژەنی کامکارم وت گۆرانییەکمان بۆ بڵێت، دەڵێت بیژەن داوای لێبووردنی کرد و وتی لە حزوری مامۆستا مەزهەری

خالقی دا و تا ئەو وەستابێت گۆرانی ناڵێم، ئیتر مەزهەر گۆرانییەک دەڵێت و دواتر کامکارەکان دەستدەکەن بە گۆرانی وتن.
یەکێکی دیکە لە بیرەوەرییەکانی دەڵێت هەر لەساڵی 1991 لە لەندەن کاک نەوشیروانی ڕەحمەتی دیووە، کاک نەوشیروان پێی وتووە کوردستان پێویستی بە بەهرەکانی خوسرەو جاف هەیە بۆ بنیاتنانەوە و پێویستە بگەڕێتەوە، ئەمیش پێی دەڵێت ترسی هەیە ئێران تیرۆری بکات ئەگەر زەمانەتی ژیانی دەکەن دەگەڕێتەوە (پێشووتر بنەماڵەی بەگزادەکانی جاف لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ئێران دەردەکرێن و سالار جاف لە سێدارە دەدەن)، کاک نەوشیروانیش دەڵێت بیرم لەوە نەکردبوویەوە کەواتە جارێک دانیشە.
یەکێکی تر لە بیرەوەرییەکانی باس لە حەمید بەدرخانی خاوەنی دەزگای بەدرخان دەکات کە قۆڵی بڕیووەو 14 ملیۆنی بۆ چاپکردنی کتێب لێ سەندووە و پارەکەی خواردووە، هاوکات چەند بەرگێکی دائیرەتلومەعاریفی بردووە تایپی بکات، هەم بەدرخان و هەم تایپێستەکە ڕایانکردووە بۆ ئەڵمانیا.

یەکێکی تر لە بیرەوەرییەکانی دەڵێت لە تاران شوێنێکمان بۆ کەسێک دروست دەکرد، کابرا داوای شوێنێکی نهێنی دەکرد بۆ ژوانە عاشقانەکانی، دەڵێت منیش بۆم دروستکرد، کەچی دواتر پارەکەی نەدا پێمان، دەڵێت منیش دوای چەندجار هەوڵدان پارەکەم دەستنەکەوت، ناچار تەلەفونم بۆ ژنەکەی کرد و شوێنە نهێنییەکەی کابرام بۆ ئاشکراکرد، وەڵا ژن چووە شوێنی نهێنی حەشەری دروست کرد.

بەڕاستی چێژم لە خوێندنەوەی ئەم بیروەرییانە بینی..سوپاس بۆ مامەم ئەو کتێبە و چەند کتێبێکی دیکەم لێ وەرگرت.

# دانپێدانانەکانی ڕاسپۆتین..!


راسپوتین
و: شاخەوان محەبەت
دان پیدانانە کانی
راسپوتین

چیرۆکی ڕاسپۆتین چیرۆکێکی زۆر سەرنج ڕاکێش و کاریگەرە، بە درێژایی زەمانەکان چیرۆکی ئەم قەشە مەسیحییە تازەتر دەبێتەوە و کتێبی نوێ لەسەری دەنووسرێت.
بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ویکیپیدیا بڵاوکراوەتەوە (گریگۆری ئەفیمۆڤیچ ڕاسپۆتین) لە ساڵی **1872** لە سیبیریا لەدایکبووە، ژیانێکی پڕ لە سەرکێشی هەبووە و گەشتی بۆ زۆر شوێنی دونیا کردووە، بەهۆی کاریگەرییەکەشی لە ڕووسیای قەیسەریدا بووەتە جێگای مشتومڕ و زۆرترین ناکۆکی دروست کردووە، لای هەندێک وەک قەشەیەکی شیفابەخش و لای هەندێکی دیکەش وەکوو خودی شەیتان وەسف کراوە.
ئەم ڕۆمانە کە ناوی (دان پێدانانەکانی ڕاسۆتین) بۆ کوردی وەرگێڕراوە، لە ڕاستیدا کاتێک خوێنەری کوردی دەیخوێنێتەوە چونکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر نەنووسراوە خوێنەری کوردی وا هەست دەکات کە بیرەوەریی خودی ڕاسپۆتین بێت بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆمانە و کەسێکی دیکە بەناوی (پۆل مۆرۆزی) ی نووسیویەتی.

ڕۆمانەکە گێڕانەوەیەکی ئەدەبیانەی ژیانی ڕاسپۆتینە و بە شێوەیەکی هونەری و خەیاڵ ئامێز ڕووداوەکانی ژیانی ئەم قەشە هەوەسبازە دەگێڕێتەوە کە بە دەستدرێژی سێکسی و ناچارکردنی ژنانێکی زۆری دەرباری قەیسەری ئەو کات بە کاری سێکسی تۆمەتبار دەکرێت.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا هەوڵی داوە ڕاسپۆتینێکی جیاوازتر لەوەی لە کتێبەکانی دیکەدا باس دەکرێت وێنا بکات و بیسەلمێنێت کە ئەو شەیتانەش نەبووە وەک باس دەکرێت بەڵکوو وەک هەموو کەسێکی دیکە چاکە و خراپەی خۆی هەبووە.

ئەم ڕۆماننووسە بە شێوەیەکی ورد و پڕ سەلیقە ڕووداو و هەستەکان تێکەڵاو دەکات و وێنەی جوان و جیاوازمان بۆ دروست دەکات کە مایەی تێ ڕامانە بۆ خوێنەر، هاوکات زۆر جەخت لە چەمکی خۆشەویستی دەکاتەوە وەک چارەسەرێک بۆ هەموو گرفتەکانی ژیان کە مرۆڤ دەتوانێت بەسەر نەهامەتییەکانیدا زاڵ بێت هەر تەنیا بەهۆی خۆشەویستییەوە.

مردنی ڕاسپۆتین وەک ژیانەکەشی سەیروسەمەرە بوو، بە جۆرێک سێ کەسی دیار بە ناوەکانی شازادە

(فلیكس یۆسۆپۆف) و (ڤلادیمر میترۆ فانۆڤیچ پۆریشكۆڤیچ) و (دیمتری پاولۆڤیچ) لە كۆبوونەوەیەكی ڕەسمیدا ڕاسپۆتینیان وەكوو مەترسییەكی جددی بۆسەر ئەمنییەتی ڕووسیا لە قەڵەمدا و لە كۆبوونەوەكەدا نەخشەی تیرۆر كردنیان داڕشت و بڕیار درا كە شازادە فلیكس بەكەڵك وەرگرتن لە پەیوەندی لەگەڵ ژناندا، بە بیانووی چارەسەركردنی هاوسەرە نەخۆشەكەی بیهێنێتە ماڵەكەی و دەرمانی (سیانوور) ی بۆ لە كێك و كولیچە و شەراب بكەن و بیكوژن، هەر بۆیە لە30ی دیسامبەری ساڵی 1916

ڕاسپۆتین چووە ماڵی شازادە فلیكس لەژێرزەمینی ماڵەكەیدا، بە كێك و چای و شەرابی ژەهراوی بەسیانوور، پێشوازی لێكرا. ڕاسپۆتین هەموویان دەخوات. شازادە دەچێتە سەرەوە تا چاوەڕوانی مەرگی بێت. چونكە سیانوور تەنیا كەمتر لە چەند چركە مرۆڤ دەكوژێت. دوای چەند چركەیەك شازادە فلیكس دێتە خوارەوە، بەڵام بەوپەڕی سەرسوورمانەوە دەبینێت ڕاسپۆتین داوای كێك و شەرابی زیاتر دەكات.

شازادە دەچێتە سەرەوە و بە هاوکاری ئەو پزیشکەی کەلەوێ بوو، هەموو پۆدری سیانوورەکە دەکاتە کێک و پیاڵە شەرابە کانەوە و بۆی دەبات. دوای چەندین جار داواکردنی کێک و شەرابی زیاتر، ڕاسپۆتین هەر زیندوو بوو.

ئیتر حەوسەڵەی نامێنێ و بە دەمانچەکەی کەمەریەوە سێرە لە دڵی ڕاسپۆتین دەگرێ و گوللەیەکی لێ دەدات. ڕاسپۆتین دەکەوێتە خوارەوە و بەڕواڵەت دەمرێ. شازادە دەچێتە سەرەوە بۆ ئەوەی تەنافێک بێنێ، بیبەستێتەوە و بیگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە. دوای ئەوەی دێتە خوارەوە لە پڕێکدا ڕاسپۆتین ڕاست دەبێتەوە و هەوڵدەدات شازادە بخنکێنێ، بە هەر جۆرێک دەبێ شازادە خۆی لە دەستی ڕزگار دەکات و دوو گوللەی دیکەی پێوەدەنێ و دەچێتە سەرەوە تا هاوڕێکانی ئاگادار بکاتەوە. بەڵام لە گەڕانەوەدا دەبینن ڕاسپۆتین هەستاوەتەوە و لە پلیکانەیەکی تری ژێرزەمینەکەوە ڕادەکات. ئەوان تا دەروازەی کۆشک لەو شەوە سارد و پڕ لە بەفرەدا، دوای دەکەون. کاتێک دەیەوێت لە میلە ئاسنینە کانی کۆشکەوە خۆی بهاوێتە خوارەوە، دەست بەجێ چەند گوللەیەکی دیکەشی پێوە


دەنێن و دەکەوێتە خوارەوە. دووبارە بەڕواڵەت دەبینن کە مردووە. شازادە فلیکس و هاوڕێکانی دەیبەستنەوە و دەیبەنە سەر پردێک تا لەوێوە بیخەنە ناو ئەو ڕووبارە نیوەبەستوەی کە لە شارەوە تێدەپەڕی. ئەوان دووبارە دەبینن ڕاسپۆتین دەیەوێت خۆی لە دەستیان قوتار بکات. سەرەنجام دەتوانن بیخەنەناو ڕووبارەکەوەو بەجێی دێڵن.

دوای مردنی ڕاسپۆتین دەسەڵاتی قەیسەریش زۆری نەخایاند و وەک پێشبینی کردبوو دوو ساڵ دوای مردنی خۆی بنەماڵەی قەیسەریش قەتلوعامکران و پەردەی ئەو سەردەم و دەسەڵاتە بۆ هەتایە دادرایەوە.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە چێژ بەخشە..

* بۆ ژیاننامەکەی ڕاسپۆتین سوودم لە وتارێک بینیوە خالید فاتیحی وەریگێڕاوە

# سەرۆک هۆز و جووتیار...
# سەرۆک حزب و پاسەوان..!


حەنا بەتاتۆ
سەرۆک هۆز و جووتیار لە عیراق
١٩١٧-١٩٥٨
لە عەرەبییەوە وەرگێڕان
سدیق ساڵح

حەننا بەتاتۆی مێژوونووس و نووسەری ئەم کتێبە دەڵێت لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا (کە تێزی دکتۆراکەیەتی) لە کتێبخانەی ئاسایشی بەغدا پاش چەند مانگێک لە یەکتر ناسین چەند پۆلیسێکم دواند و بە وریایی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پرسیم ئاخۆ حکومەت چۆن دەتوانێت بەشێکی گەل لە دژی بەشێکی تر بەکار بهێنێت؟ یەکێکیان لە وەڵامدا گوتی «مامەکەم... دەبێت بژین.. چەند مانگێک لەمەوبەر پیاوێک نزیک بە زنجەکەمان دراوسێکەی خۆی کوشت چونکە دوو سەلک تەماتەی لە کوختەکە دزی بوو. مامە گیان، حەز دەکەم پێت بڵێم.. کێ نان و بەرگی خۆ داپۆشینم بداتێ، لە ڕیزی باوکم دایە».
کتێبی (سەرۆک هۆز و جووتیار لە عێراق/ 1917-1958) دەتوانم بڵێم یەکێکە لەو توحفەیەی کە پێویستە هەموو خوێنەرێک، جووتیارێک، سیاسییەک، ڕۆژنامەنووسێکی بواری عێراقی، نەوەی تازە بیخوێنێتەوە تاوەکوو لەوە تێ بگات ئەم قەوارەیەی کە ناوی عێراقە بە چی جۆرێک بنیاتنراوە و شێوە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی لە سەردەمانی زوودا چۆن بووە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی چی ناعەدالەتییەکی

**گەورەی لە ژیانی هاووڵاتییاندا دروست کردووە و دەسەڵاتی ئینگلیز و سیستەمی پادشایەتیش چۆن هانی زیاتری توێژێکی وەک سەرۆک هۆزەکانی داوە تاوەکوو زیاتر خاوەن زەوی بن، خاوەن داهاتی کشتوکاڵی و پارە بن، جووتیاریش هەر قوڕبەسەری و دەردە سەری و هەژاری و برسێتی جێگەی بێت.**

**ئەم کتێبە زۆر بە قووڵی دۆخی ئەو کاتی شیکردووەتەوە و ژیانی مەرگئاسای خەڵکانی ئەو سەردەمەی خستووەتە ڕوو بەدەست دەرەبەگ و سەرۆک هۆز و ئاغاکان و خاوەن زەوییەکانەوە.**

**لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا هاتووە سەرۆک هۆزێک بەناوی (موحان خەیروڵا) ی سەرۆک هۆزی شوەیلات لە باشووری عێراق دەستی بەسەر زیاتر لە 1 ملیۆن مشارە زەویدا گرتووە، موتەسەڕیفی لیواکە نامەیەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنووسێت و دەڵێت شەش سەعاتی پێچووە تا بە زەوییەکانی ژێر دەستی ئەم سەرۆک هۆزەدا تێپەڕیوە...**

**لەم کتێبەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کاتێک بەریتانییەکان پادشای عێراق دادەنێن ناهێڵن زۆر بەهێز بێت ئەویش لە پێناوی ڕاگرتنی باڵانسی هێزدا، بە جۆرێک**

لەبەرامبەریدا گرنگی بە سەرۆک هۆزەکان دەدەن و چەکداریان دەکەن و پارەیان دەدەنێ، بۆ ئەوەی ئەگەر مەلیک یاخی بوو بەو سەرۆک هۆزانە بیترسێنن، ئەگەریش سەرۆک هۆزێک یاخی بوو بە مەلیک تەمبێی بکەن.
ئەوەتا مەلیک فەیسەڵ، پاشای ئەو کاتی عێراق لە ساڵانی سیەکانی سەدەی پێشوو، نامەیەکی نهێنی بۆ دەستەبژێری سیاسی و حوکمڕانی ئەو کاتی عێراق دەنووسێت و دەڵێت: ژمارەی چەکداری هۆزەکان زیاتر لە100 هەزار چەکدارن، کەچی ژمارەی چەکداری حکومەت 15 هەزار کەسن، ئەم دۆخەش لە هەموو سەرزەمینی خودادا هاوشێوەی بوونی نییە.
خاڵێکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی بیستی شیعەکانی باشوور لە دژی بەریتانییەکان بە هیچ جۆرێک شیعەکان داوای دەوڵەتی ئایینی و مەزهەبی شیعەیان نەکردووە بەڵکوو داوای دەوڵەتێکی مەدەنییان کردووە پێچەوانەی ئێستا..!
نووسەر دەڵێت: تەنیا لە ویلایەتی بەغدا کە یەکێک بوو لە سێ ویلایەتەکەی عێراقی سەردەمی عوسمانی،

**ساڵی 1918 نزیکەی 110 هۆزی سەربەخۆ هەبوو، کە لە 1186 خێڵ پێک هاتبوو.**
**بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێستای عێراق، ململانێی خەڵک و دەسەڵاتداران، ململانێی مەرجەع و حیزب و شارەکانی باشوور لەگەڵ یەکتری خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر گرنگە، هاوکات بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتی عێراق لە سەرۆک هۆزە بۆ سەرۆکی حیزب، لە جووتیارەوە بۆ پاسەوان، تێگەیشتن لەم کتێبە زۆر گرنگە چونکە ئێستا دۆخەکە بە جۆرێکە تەنیا ناو و ناونیشانەکان گۆڕان، سەرمایەداری و دەرەبەگایەتی بە جۆرێکی دیکەیە و جووتیاریش بە جۆرێکی دیکەیە. ئێستا پارە و زەوی و دەسەڵات لای سەرۆک حیزب و حیزبە، جووتیاری و کرێکاریش لای خەڵکە سادەکەیە.**
**نووسەر باس لە نموونەیەک دەکات وەک ئاستی نیشتمانپەروەری لەلای دانیشتووان و دەڵێت:**
**پەرلەمانتارێکی عێراق لە ساڵی 1937 لە دانیشتنێکی پەرلەمانی ئەو کاتی عێراق بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:**

بیست ڕۆژ لەمەوبەر کاتێک بە بەلەمێکی بچووک لە دێیەکەوە دەگەڕامەوە بۆ شاری بەسرە، بە سەربازێک گەیشتم لە قەراخیت ڕووبارەکە. لەگەڵ خۆم بردم و لە ڕێگە و کاتی قسەکردنمان هاتینە سەر باسی سوپا، ڕوانیم یەکجار بێزارە لە ژیانی سەربازی. بە چەندین شێوە هەوڵم دا قەناعەتی پێ بهێنم کە خزمەتی نیشتمان بایەخی هەیە.

کەچی وەڵامی سەربازەکە ئەمە بوو:

"مامە گیان، نیشتمان چییە! من کۆختەیەک شک نابەم تێیدا بژیم و کەس ڕێ نادات گامێشەکەم تەنانەت لەناو هۆڕەکانیش بلەوەڕێنم".

حەننا بەتاتۆ مێژوونووسێکی زۆر گەورەیە، کتێبەکانی لە مێژووی نوێی عێراقدا جێگای بایەخن، خۆزگە هەموویان دەکرانە کوردی، بەڵام نەک بەم کوردییەی ئەم کتێبەی پێکراوە کە وەرگێڕانێکی حونجە بە حونجەی توێژینەوەیەکی زانستی دکتۆرایە کە تا تەواوی دەکەیت ماندووت دەکات و کوردی زانینەکەی وەرگێڕیش نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ بێت.

# ژیلەمۆی عیشقێکی سەرابی...!!


ژیلەمۆی عیشقیکی سەرابی
جەمال حەمید
An ember of miragely love

ژیلەمۆی عیشقێکی سەرابی بەرهەمێکی نوێی شیعری شاعیر (جەمال حەمید) کە لەم ماوەیەی پێشوودا بڵاوکراوەتەوە و شاعیر بە زمانێکی ناسک و پڕ مانا لە چەندین تێکستە شیعردا باس لە خۆشەویستی و ژیان و عیشق و وەفا و خاکپەروەری و نیشتمانپەروەری دەکات.

ئەم کتێبە کە دووەم بەرهەمی مامۆستا جەماڵە بەو پێیەی خودی شاعیر مامۆستای زمانی کوردییە، بە کوردییەکی ڕەوان و پاراو، بە زمانێکی سادە و دوور لە گرێ، بە وشەگەلی جوان و فرە ناوازە و کوردییانەی جوان چەندین وێنەی شیعریمان لە خەیاڵدا بۆ دروست دەکات و ماڵێکی بچکۆلانەی شیعریانە بنیات دەنێت کە خوێنەر بە خوێندنەوەی چێژ دەبینێت و ڕووبەڕووی دونیایەک دەبێتەوە کە جگە لە جوانی و ناسکی و بێدەنگی هیچی دیکەی تێدا نییە.

لە هەمووشی گرنگتر لەم کتێبەدا چەندین پارچە شیعری جوان هەیە کە دەکرێت گۆرانیبێژان سوودی لێ ببینن بۆ گۆرانی کە دڵنیام دەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت بەو پێیەی زۆرینەی شیعرەکانی تێکەڵ بە

ڕیتم و ئاوازی مۆسیقین و وێنەی مۆسیقی جوان پێشکەش دەکەن.
دونیای شیعری جەمال حەمید دونیایەکی ناوازە و جوانی تایبەت بە خۆیەتی و زمانێکە کە بەو جۆرە دەینووسێت چێژی لێ دەبینێت و دەیەوێت بەو جۆرە خۆی لە وانی دیکە جیا بکاتەوە، کورت و پڕ مانا و سادە و ناسک و جوان.
پێشنیاز دەکەم ئێوەش چێژ لە شیعرەکانی ببینن..
(هێمن مەحمود)

.................

مەرگ بۆ نایەیی

ڕاپێچم بکەیت بۆ دونیای عەدەم
خۆ ئەو پێی گوتم
گەر بێیت لە وێندەر، ماچت پێ دەدەم

1

مادام کە مەرگ، لە بۆسەدایە
وەرە با دڵمان بکەین بە یەکدڵ
ئەو کاتە بێباک دەبین لە مردن
چونکە پێکەوە دەمانخەنە گڵ!

2

زوو بێت یان درەنگ
ژەندرمەی پیری بەرۆکمان دەگرێت
دڵشاد کەسێکە
لەگەڵ ئازیزیا پێکەوە دەمرێت!

3

زۆرم هەوڵ دا
لەگەڵ دووری ئەو خۆم ڕابهێنم
کەچی بە جۆرێک ئالوودەی کردووم
ڕۆژ نییە سەد جار
لەبەر خۆمەوە ناوی نەهێنم!

4


من بڕیارم دا
لەناو دڵمدا ئەو دەربهێنم
کەچی هەر دەڵێی جادووی لێ کردووم
لە جاران زیاتر
لە وێنەکانی قووڵ ڕادەمێنم!

5

بەشێکی عومرم کاری قورس بردی
هەندێکی تری خوێندن و نووسین
خودا، بە میهری خۆت لەگەڵم بکە

پایزی تەمەن، پڕکە لە ئەوین!
6
هەتا پێیەکمان
نەخەینە نێوی خەزانی تەمەن
هەست بەوە ناکەین
چەند خێرا دەڕوات، ڕەوڕەوەی زەمەن!
7
باڵندەی تەمەن
هێندە تیژ دەفڕێت
خەریکە تەواو لە چاو ون دەبێت
کە مادام وایە، با دەفری ژیان
لە ئەڤین پڕ بێت!

# مۆرانەی دەسەڵات..!!



بزورگ عەلەوی
لە فارسییەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی

هەموو دەسەڵاتێک کاتێک زوڵم و زۆری دەگاتە لووتکە، کاتێک گەندەڵی بە دامودەزگاکانیدا بڵاو دەبێتەوە، کاتێک دەزگا سەربازی و ئەمنییەکانی خەریکی ململانێی یەکتری و بەرتیل خواردن و داتاشینی تۆمەتی بێ بنەما و سەرکوتکردن و سەرانە سەندن و کوشتوبڕی ناڕازییانن، کاتێک دڵسۆزی تەنیا دەبێتە دروشم و موونافقێتی دەبێتە باشترین پێوەر بۆ گەیشتن بە مەرام و بەرژەوەندییەکان، کاتێک لەسەری سەرەوە بۆ خواری خوارەوە خەمی گیرفان پڕکردن و تێ تەقاندنن ئەگەر شتێک ڕوویدا، کاتێک مۆرانە دای لە ڕۆح و جەستەی دەسەڵاتەکە، ئەوا ڕووخان و لەناوچوونی ئەو دەسەڵاتە دەبێتە شتێکی حەتمی و تەنیا لەسەر کاتەکەی دەمێنێتەوە، جا هێزێکی بیانی بیڕووخێنێت یاخود کوودەتا و شۆڕش بیڕووخێنێت یاخود لەناو دەسەڵاتەکەدا کەسێک کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنێت.

هەمووومان ڕۆماننووسی ئێرانی (بزورگی عەلەوی) یمان لە ڕێگای ڕۆمانی (چاوەکانی) یەوە ناسیوە کە ڕۆمانێکی عاشقانەی دڵڕفێنە، بەڵام لەم ڕۆمانەی دا (مۆرانە) نەک هەر جیاوازە لە چاوەکانی، بەڵکوو

دەکرێت بڵێین تەواو دژ بە ستایلی نووسینی چاوەکانییە و جگە لە کوشت و بڕ و سزا و ئەشکەنجە و تۆڵەکردنەوە و شۆڕش و ئاشکراکردن و بنکۆڵکردنی تاوانەکانی دەزگایەکی بەد ناوی وەک دەزگای (ساواک) ی سەردەمی پاشایەتی ئێران دیمەنی هونەری ناوازە و جوانی تێدا نییە، دەکرێیت بڵێین گێڕانەوەی بیرەوەریی کەسێکە کە لە پلەیەکی سادەوە لەو دەزگا بەد ناوەدا سەردەکەوێت تا دەگاتە جێگری بەڕێوەبەری گشتی و بگرە بەڕێوەبەری گشتیش، دواتر لە سەروبەندی ڕووخانی پادشایەتی دا لە ئێران هەڵدێت و ئاوارەی وڵاتان دەبێت.

ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی یادەوەرییانە و مێژووییانەیە، ڕۆماننووس زۆر زیرەکانە دۆخی شڵۆقی دەسەڵاتی پادشایەتی لە سەردەمی بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران خستووەتە ڕوو، باس لە دۆخی خراپی ئابووری، گەندەڵی، سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی ئازاد، لەناوبردنی ناڕازییان و چالاکوانان، دەمکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان و داخستنی ڕۆژنامەکان، بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان، بە سەربازیکردنی کۆمەڵگا و بە ئەمنیکردنی تەواوی کایەکانی ژیان،

سیخوڕیکردنی هاووڵاتییان بەسەر یەکترییەوە، دەسەڵاتداران بەسەر یەکترییەوە، دروستکردنی مەلەفی ساختە و پارە وەرگرتن بۆ ئازادکردنی زیندانیان، دەوڵەمەندبوونی بێسنووری شا و دەربارەکەی، بەرپرسانی سوپا، پیاوانی حکومەت و دەیان ڕووداو و کارەساتی دیکە دەکات.
مۆرانە ڕێک پێمان دەڵێت بۆچی دەسەڵاتەکان دەڕووخێن، لە چیرۆکی کەسێکەوە کە پێ دەچێت چیرۆکێکی ڕاستەقینە بێت بەو پێیەی زۆرینەی ڕووداوەکان ڕاستەقینەن ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کاتێک مۆرانە بەر دەبێتە گیانی دەسەڵات وەک ئەوەی حەمە ڕەزای شای لێ دەکات کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتیدا هەر بەرپرسە و بە ئاشکرا بە ملیۆنان دۆلارەوە لە فڕۆکەخانەکان هەڵدەهاتن، تا دواجار خۆشی هەڵهات.
مۆرانە هەر بەتەنیا چیرۆکی ئێرانییەکان نییە، بەڵکە چیرۆکی دروستکردنی هەموو دەسەڵاتێکە کە لەسەر شێوازە ئەمنییەکان دروست دەکرێن و دواجاریش هیچ شتێک بە فریای ناکەوێت و دەکەوێت، مۆرانە چیرۆکی بەرژەوەندیخوازی کەسانێکە کە دەوڵەت دەخەنە

خزمەتی خۆیان و خێزانەکانیانە و پارەیەکی مۆڵ پێکەوە دەنێن و لە بچووکترین فرسەتیشدا هەڵدێن، بە بڕوای من خوێندنەوەی مۆرانە زۆر پێویستە تا تێ بگەین لەوەی ئێستا چی ڕوو دەدات، هەرچەندە مۆرانە باس لە مێژوویەکی چل تا پەنجا ساڵی پێشتری ئێران دەکات، بەڵام بۆ هەموو سەردەمێک دەشێت. بزورگی عەلەوی زۆر وەستایانە پێمان دەڵێت هەر کاتێک مۆرانە لە دەسەڵاتی دا فاتیحەی بۆ بخوێنن.

دیارە دەستی (ڕەسووڵ سوڵتانی) وەرگێڕیش خۆش بێت کە بە کوردییەکی نایاب و پاراو ئەو ڕۆمانە جوانەی بۆ وەرگێڕاوین.

# ڕیشەی بیروباوەڕی بارزانییەکان..!


غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ
فەرید ئەسەسەرد
ریشەی
بیروباوەڕی بارزانییەکان
من ناوم سوورە
مۆسیقارە سپییەکان
بەختیار عەلی
... نیشتمانە سەوزەکەی کلارنێت
ئیلیادە
کوێری
قەڵای سپی
و، بەکر شوانی
بەفر
بەکر شوانی
لە تورکییەوە وەری گێڕاوە
گوستاڤ فلوبێر
لە فارسییەوە: جەبار سابیر

بۆ تێگەیشتن لە هەر بزافێک، یاخود هەر ڕەوت و حیزبێک و خێڵێک، یاخود هەر ڕێباز و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە کە لە ژیانی ئێستادا کاریگەر و چالاک بێت پێویستمان بەوەیە لە سەرەتاوە مێژووی لەبارەوە بخوێنینەوە و دواتر بەراورد و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین تا بتوانین ڕایەکی واقیعی و ڕاستەقینەی لەبارەوە دەرببڕین.

بۆ ئەوانەشی کە درووشمی ململانێی سیاسییان لە دژی نەیارەکانیان بەرز کردووەتەوە بەبێ خوێندنەوەی مێژوو، بەبێ تێڕوانینی ورد و هاوسەنگ و واقیعیانە، بەبێ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پیشەییانە ناتوانن ململانێیەکی دروستی وەها بکەن کە بتوانن لانی کەم سەرکەوتنێکی کەمیش بێت بە دەست بهێنن.

هەر بۆ نموونە ئەوانەی کە ململانێی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەن ناکرێت مێژووی یەکێتی، مێژووی سیاسی مام جەلال، مێژووی پەیوەندی نێودەوڵەتی یەکێتی، مێژووی حوکمڕانی یەکێتی نادیدە بگریت و پێت وا بێ دەتوانی یەکێتی وە لا بنێیت بەبێ خوێندنەوەی ئەو مێژووە و خاڵ دانان لەسەر وێستگەکانی.

بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش کە لە ساڵانی چلەکانەوە واجیهەی سیاسی بارزانییەکانە ناکرێت تۆ مێژووی بارزانییەکان، خەبات و ململانێی ئایینی، عەشیرەتگەرایی، سیاسی شێخانی بارزان، یاخیبوونەکانیان، ئاوارەبوونەکانیان، گفتوگۆکانیان لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، زیندانیکردنەکانیان، قڕکردن و گوند سوتاندنەکانیان، ڕەگ و ڕیشەی بیروباوەڕە ئایینییەکانیان بە نادیدە بگریت و پێتوابێ لە ئەم خێڵە، لە ئەم حیزبە، لە ئەم شێخایەتییە، لە ئەم بنەماڵە سیاسییە ئایینییە لە ئێستادا سەرمایەدارە گەیشتوویت.

ئەم کتێبەی (فەرید ئەسەسەرد) کە سیاسییەکی دیار و خوێندەواری یەکێتییە (بڕوام وایە زۆرینەی هەرە زۆری کادیرانی یەکێتی و پارتی نەک هەر نەیانخوێندووەتەوە بەڵکوو نەشیانبینووە) بە یەکێک لەو کتێبە هەرە بەنرخانە دادەنرێت کە تێیدا زۆر بە بێلایەنانە، پیشەییانە، ویژدانانە، بەبێ ڕتووشکردن و جوانکردن یاخود ناشیرینکردن و شکاندن، بەبێ زیادە خستنە سەر و بە دەیان سەرچاوەی باوەڕپێکراو و مێژوویەوە، باس لە بیروباوەڕی بارزانییەکان، ڕەگ و

ڕیشەی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و مەزهەبییان دەکات، بە قووڵاییییەکانی مێژوودا ڕۆیشتووەتە خوار و بنج و بنە وانی زۆر بابەت و بیرۆکە و درووشم و هەڵوێستی بارزانییەکانی بۆ خستووینەتە ڕوو.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە نووسەر، نەیارییە سیاسییەکەی، ڕێبازە ئایدیۆلۆژییەکەی، پۆستە فەرمییەکانی وای لێنەکردووە ڕایەک کە خۆی باوەڕی پێی نەبێت نەیخاتە ڕوو، خوێنەر کاتێک دەیخوێنێتەوە لە بیری دەچێت کە ئەمە کوردێکی نەیاری بارزانییەکان نووسیبێتی، بەڵکوو وا دەزانێت لێکۆڵینەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینییەوە و لێکۆڵیارێکی بیانی بێلایەن نووسیویەتی.


بە بڕوای من بۆ ئەوەی لە هەڵوێستە سیاسییەکانی ئێستای پارتی دیموکراتی کوردستان (کە بارزانییەکان بڕیار بەدەستی فیعلین تێیدا بگەین)، لە جۆری حوکمڕانی، لە ململانێی دەسەڵات لەناو ئەو حیزبەدا، لە ڕۆڵ و کاریگەری پارە، لە شێوازی گفتوگۆ و دانوستانەکانی هەرێم و بەغدا، لە چارەسەرنەکردنی هەمیشەیی کێشەکان، لە لاوازی و شکستی نەیارەکانی

ئەو بنەماڵەیە، لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ وڵاتان، لە سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی نوخبەی دەسەڵاتدار لەگەڵ چواردەوردا، بە کورتییەکەی لە ناسینی خودی پارتی و تێگەیشتنی فیکری لە ئایدیای سیاسی سەرۆکی ئەو حیزبە و بڕیار بەدەستەکانی دیکە، پێویستە زۆر بە قووڵی ئەم کتێبە بخوێنرێتەوە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی نەیاری سیاسی پارتین و ململانێی ئەو حیزبە دەکەن خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر زۆر گرنگە.

بە بڕوای من تا لە بارزانییەکان و مێژووەکەیان تێ نەگەیت لە پارتی و سیاسەت و هەڵوێست و ململانێ و یارییەکانی تێ ناگەیت.

ئەم کتێبە بە حەق کتێبێکی دانسقە و ناوازەیە، من وەک خۆم سوودێکی زۆرم لێ بینی بە دونیایەک زانیاری و نهێنی مێژوویی ئایینی، مەزهەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی ئاشنای کردم.

# كوردبوون...


کورد بوون
بەشێک لە بیرەوەرییەکانی
کاپیتان حەمەدی مەولوودی
(١٩٠٧ - ١٩٧٩)
ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی
وریا ماملێ
چاپی سێیەم
زانیاری پتر
Rahand

کاپیتان حەمەدی مەولوودی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە ڕووداوێکی کوشتن دەکات کە ئەنجامی داوە لەدژی بەرپرسێکی حکومەتی پاشایەتی ئێران لە ساڵانی چلەکاندا.

بەرپرسەکە بە هاوکاری کۆمەڵێک سەرۆک عەشیرەت هاتووە بۆ سابڵاغ تا وەکوو دامودەزگاکانی حکومەتی ئێرانی لەو شارەدا دروست بکاتەوە، کاپیتان حەمەدی مەولوودیش کە ئەو کاتە ئەندامی کۆمەڵی ژ.ک بووە بە فەرمانی کۆمەڵەکە بۆ ئەوەی پرۆسەکەی حکومەت پەکی بکەوێت شەوێک لەماڵێکدا دەدات بەسەریدا و دەیکوژێت.جا ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا ئەوەیە کاتێک ئەم حەمەدی مەولوودی یە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەڕوات بۆ ماڵەکە دەبینێت بەرپرسەکە لەگەڵ ژنەکەیدا خەوتووە، ژنێکی دیکەشی لەگەڵ منداڵەکانیدا لە ژوورێکی دیکە خەوتوون. بۆ ئەوەی ژن و منداڵەکانی پێوە نەبن و نەکوژرێن بەتایبەت ئەو ژنەی کە لەگەڵیدا خەوتووە، دۆخێک دروست دەکەن خۆیان ئاشکرا دەکەن، بەرپرسە هەڵدەستێتە سەر پێ و پەلاماری تفەنگەکەی دەدات و بە پێوە دەست دەکات بە تەقەکردن، ئیدی ئەمانیش دەبینین لە ژنەکەی جیا

بووەتەوە بە پێوە دەیکوژن و واز لە ژن و منداڵەکانی دەهێنن.
ئەوەندەی من خوێندبێتمەوە و بیستبێتم بە شێوەیەکی گشتی کورد کاتێک پرۆسەی کوشتنی دوژمنەکانی ئەنجام داوە هەرگیز ژن و منداڵی نەکوشتووە، هەمیشە پرۆسەی قڕکردن و پاکتاوکردنی ئەنجام نەداوە، بەپێچەوانەی (عەرەب، تورک، فارس) کە هەمیشە لە دەسەڵاتدا بوون پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزییان ئەنجام داوە.
پرۆسەی نەکوشتنی ژن و منداڵەکان پەیوەندی بە ئەم حزب یان ئەو سەرکردەوە نییە، خوێنێکە لە دەماری کورددا بە درێژایی مێژوو هاتووچۆی کردووە، شۆڕشگێڕی کورد لە هەموو سەردەمەکاندا خێزانی وەک شتێکی موقەدەس سەیرکردووە جا با هی دوژمنەکەشی بێت بۆیە هەرگیز قڕکردنی بەکارنەهێناوە، هەمیشە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی عاتیفی بووە بۆ خێزانە عەرەب و تورک و فارسەکان، بە چاوی تۆڵە لێی نە ڕوا نیون بۆیە دەبینین حەمەدی مەولوودی پێش هەموو شتێک خەمی نەکوشتنی ژن و منداڵەکانی بەرپرسە عەجەمەکەیەتی..


کۆمەڵگای کوردی شتی زۆر جوانی تێدایە، بەڵام حەیف سیاسەت و حزبایەتی و توندڕەوی خەریکە هەمووی لەناو دەبات. یەکێک لەو دیاردانەی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەدرێژایی مێژوو نامۆ و ڕەتکراوە بووە دیاردەی بوونی کۆمەڵگا و گەڕەک و ماڵی لەشفرۆشان بووە و هیچ وەختێک کورد ئەوەی قبوڵ نەکردووە و هەمیشە نەیهێشتووە ئەو کۆمەڵگا و گەڕەک و ماڵانە لە شارە کوردییەکاندا بمێننەوە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگاکانی چواردەوەر(عەرەب، فارس، تورک) هەبوونی دیاردەیەکی وا زۆر ئاسایی بووە و زۆرجاریش لەڕووی مێژووییەوە شانازییان بەو گەڕەکانەوە کردووە چونکە بەشێک بووە لە شارەکانیان.

کاپیتان (حەمەدی مەولوودی) کە یەکێک بووە لە فەرماندەکانی کۆماری مهاباد لەبیرەوەرییەکانیدا کە حاڵی حازر سەرقاڵی خوێندنەوەیم باس لەوەدەکات لە ساڵانی چلەکاندا لە سابڵاغ نزیکەی 100 ماڵی لەشفرۆش لەشوێنێکدا هەبوون کە بە ڕووخانی دەسەڵاتی ئێران خەڵکیش پەلاماری ئەو ماڵانەیان داوە و تاڵانیانکردوون و گەڕەکەکەیان تەفروتوناکردوون،

دیاریشە دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە هاوردەی دەسەڵاتی عەجەمەکان بوون بۆ ئەو شارە.

جا لە هەشتاکانیشدا لەچەند شارێکی هەرێم ڕژێمی عێراقی ڕووخاوی ئەوکات زۆر هەوڵیدا لەو جۆرە گەڕەکانە درووستبکات بەڵام بۆی نەچووە سەر.

# یادداشتە
# ژێرزەمینییەکان...!!


فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی
رۆمان
یادداشتە
ژێرزەمینییەکان
وەرگێڕانی
کەیوان هەورامی
لەگەڵ ١٢ شرۆڤە

کاتێک بمانەوێت قسە لەسەر دەروون و ناخی مرۆڤی ئەم سەردەمە بکەین بێ گەڕانەوە بۆ ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی) ناتوانین بە تەواوەتی حەقی قسەکردنەکەمان بدەین و دەروونناسی مرۆڤ بەبێ ناسینی دەروونی پاڵەوانی ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی کارێکی ناتەواوە.

ئێمە ئەگەر تەماشایەکی دۆخی زۆربەی پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆماننووسە بکەین دەبینین زۆربەی جارەکان کەسانی پەراوێز خراو، بێ جێگا و شوێن، نەخۆش، هەژار، بێکەس، بێ هاوڕێ، دەردەدار، قەرزدار، دەرکراو، دڵپاک، سادە، خەیاڵپڵاو، خاوەن هۆشیاری زۆر، بێکار، تەنیان و هەمیشە بەدەست گرفتگەلی جۆراوجۆرە دەناڵێنن و خەونی گەورە گەورەشیان هەیە کە زۆربەی جارەکان بەدی نایەت.

سەد ساڵ زیاترە قسە لەسەر دەروونی پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی دەکرێت و قوتابخانە دەروونناسییەکان شتی نوێ و تازەی تێدا دەدۆزنەوە و هەر وەک فرۆید وتەنی شتێک نییە باسی بکەین پێشتر دۆستۆیڤسکی باسی نەکردبێت.

ڕەنگە ڕۆمانی (یادداشتە ژێرزەمینییەکان) یەکێک بێت لەو ڕۆمانانەی کە هێشتا بەردەوام مرۆڤ بۆ ناسینی ناخ و دەروونی خۆی و ئەوانی دیکەدا پەنای بۆ بباتەوە و هەر جارێکیش کە بیخوێنیتەوە شتگەلی نوێ بدۆزیتەوە کە پێشتر هەستت پێنەکردووە هەم لە ناسینی خودی خۆتدا هەم لە ناسینی ئەوانی دیکەدا.
تاکە شتێک ئەمجارە سەرنجی ڕاکێشابێتم لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا هەستکردنی مرۆڤە بە پەراوێزخستن لەلایەن ئەوانی دیکەوە، هەستێکی کوشندە کە ڕۆحی ئینسان دەکوژێت و وای لێ دەکات خۆی وەک مێشێک بێتە پێش چاو، مێشێکی بێ کەڵک و بێسوود.
پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە دوای چل ساڵی ئیدی لە خەڵک و ژیان بێزارە و پەنای بردووەتە بەر ژێر زەمینێک تا بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، نووسینەوەی بیرەوەرییەک کە بەنرخی چێژ بینین لە ژیانی واقیعی کۆتایی دێت و حەز ناکات دەستبەرداری ژێرزەمینەکەی بێت هەر وەک لە یەکێک لە شرۆڤەکاندا خوێندمەوە ژێرزەمینێک لە نێوان ئاسمان

و زەویدایە وەک ئاماژەیەک بۆ ژیانێکی بەرزەخی لەنێوان بەهەشت و جەهەننەم دا.
ئەم پاڵەوانە هەست بە پەراوێزخستن، حیساب بۆ نەکردن، بە هیچ سەیرکردن، بە کەسێک کە بوونی نییە لە کۆمەڵگادا و هیچ ئەرزشێکی نییە دەکات، کەسێک کە نە پاڵەوانە و نە تاوانبار، کەسێک کە نە بەردێکی خستووەتە سەر بەردێک لە ژیاندا و نە بووەتە ڕێگریکردنیش لە ژیان، کەسێک کە نە هەموو شتنە و نە هیچ شتێک.
ئەم هەستکردن بە پەراوێزی یە گرفتێکی گەورەی لە دەروونی پاڵەواندا خولقاندووە، دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە بەڵام نەک هەر تۆڵەی پێ ناکرێتەوە بەڵکوو چێژ لە ئازاردانی خۆشی دەبینێت کاتێک ئازار دەچێژێت بەوەی توانای تۆڵەی نییە.
پاڵەوانێکی نەخۆش، کە یەکەم دێڕی بیرەوەرییەکانی ددان بە نەخۆشی خۆیدا دەنێت.. من نەخۆشم بەڕێزان..!
ئەم هەستکردن بە پەراوێزخستنە و تەنیاییە بە جۆرێکە کە جارێک لە جارەکان بەتەنیشت بارێکدا دەڕوات دەبینێت شەڕە، کەسێک لە پەنجەرەیەکەوە

فڕێ دەدەنە دەرەوە، ئەم ئاواتەخوازە ئەو کەسەی کە لێی درا و و لە پەنجەرەکەوە فڕێ درایە دەرەوە ئەم بیووایە تەنیا بۆ ئەوەی هەست بکەن ئەمیش هەیە، هەر بۆیە دەڕواتە ژوورەوە بەڵکوو تووشی شەڕێک ببێت و ئاواتەکەی بێتە دی، کەچی هیچ هەستێکی پێ ناکەن، تەنانەت ئەفسەرێکیش بەبێ ئەوەی هیچ هەستێک بە بوونی بکات و تەماشاشی بکات لەبەردەمی خۆیدا لای دەبات کە ئەم ڕەفتارە دەبێتە گرێیەکی دەروونی وەها، پاڵەوانی نەخۆش بەدوای تۆڵەی ئەو سووکایەتییەدا دەڕوات و چەند جارێک لە شوێنێکی دیکەدا دەیەوێت ڕێگا بۆ ئەفسەرەکە نەکاتەوە کەچی ناتوانێت، تا دواجار لە شوێنێکدا شانێک لە ئەفسەرەکە دەدات، ئەفسەرەکەش بەبێ ئەوەی تەماشای بکات تێ دەپەڕێت، پاڵەوان ئەمە بە سەرکەوتن دەزانێت هەرچەندە ئەفسەرەکە وەک ئەوەی نەبووبێت تێی پەڕاندووە!.

لە چەندین دیمەنی دیکەدا پاڵەوانی نەخۆش دەیەوێت بڵێت کە هەیە، ئەمیش وەک هەموو مرۆڤەکانی دیکە حەز، خەون، ئارەزوو، پێکەنین، خولیا، دڵخۆشی هەیە بەڵام کەس هەست بە بوونی ناکات، کەس نازانێت کە

چەندە گرنگە، تەنانەت ئەم هەرچەندە خۆی بە هۆشیارترین کەس دەزانێت و ئەوانی دیکە بە دە بەنگ و هیچ نەزان و گەمژە، کەچی دواجار تووشی ئەو شەڕە دەبێت لەگەڵیان کە پێویستی بەددانپێنانی ئەوان هەیە تا بزانێت کە هەیە کەچی هیچ..!


هیچ شتێک مرۆڤ ناکوژێت پەراوێزخستن و لەبیرکردنی نەبێت، مرۆڤی پەراوێز خراو کەسایەتییەکی نائارام، هەڵچوو، تووڕە، تەنیا، خۆ خۆری هەیە و هەمیشە بەدوای تۆڵەکردنەوەدایە لە خۆی، لە کۆمەڵگا، لە چواردەورەکەی، لە تەواوی بەشەریەت، هەر بۆیە دەبینین زۆربەی ئەوانەی تاوان دەکەن، زۆربەی ئەوانەی کارەساتی گەورە دروستەکەن کەسانی پەراوێز خراو و گوێ لێ نەگیراو و سەرکوت کراوی کۆمەڵگان.

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بە وەرگێڕانە نایاب و کوردییە جوانەکەی (کەیوان هەورامی) ئازیز پێویستییەکی لەڕادەبەدەر پێویستە و ئەو خوێنەرانەی تامەزرۆی بەرهەمەکانی دۆستۆیڤسکین نابێت لە بیری بکەن.

من ئەمە دووەم جارمە بەدوو وەرگێڕانی جیاواز دەیخوێنمەوە، بەڵام ئەم زمانەی (کەیوان هەورامی)

**زۆر تایبەت و نایابە.. دەستی خۆش بێت و هیوای کاری جوانتر.**

# سپیكردنەوەی خوێن..!


سپیکردنەوەی خوێن
فەرهاد مستەفا

پێچەوانەی ئەو کەسانەی پێیان وایە هێشتا ئەوەندە کتێبی کوردی نییە (جا چ وەرگێڕان بێت یاخود نووسین) کە شایانی خوێندنەوە بێت، بەڵکوو من پێم وایە ئێستا ئەوەندە بەرهەمی جوانی نووسراو و وەرگێڕانی کوردی هەیە کە ئەگەر هیچ زمانێکیش نەزانیت بتوانێت فیکر و هۆشیاری خۆتیان پێ دەوڵەمەند بکەیت و چێژی زۆریان لێ ببینی. نەخوێندنەوە بە کوردی هیچ داهێنانێکی تێدا نییە و هەموو زمانزانێک دەتوانێت بە زمانەکانی دونیا کتێب بخوێنێتەوە، بەڵام ڕۆحە کوردییەکەی نووسین، چێژ بینین لە زمانی دایک دونیایەکی جیاوازترە و بە بڕوای من چەندە زمانی دیکەش بزانیت هێشتا خوێندنەوە بە کوردی لێدانی دڵی هەموو خوێندنەوەکانە و من خۆم یەکێکم لەوانەی تا کتێبێکی کوردی (جا چ وەرگێڕدراوبێت یان نووسراو) وەستابێت پەنا نابەمە بەر زمانی دیکە و زۆر چێژ لە کوردییەکە دەبینم.
خوێندنەوەی ڕۆمانی (سپیکردنەوەی خوێن) لەم چەند ڕۆژەدا کە (فەرهاد مستەفا) ی ڕۆماننووس نووسیویەتی چێژێکی زۆرم لێ بینی چ لە چیرۆکەکەی

چ لە شێوازی گێڕانەوەکەشی کە نووسەر زۆر لێزانانە بە یاریی گێڕەڕەوەی جیاواز لەگەڵ خوێنەردا دەکات.

دەتوانین بڵێین سپیکردنەوەی خوێن هەم ڕۆمانی شۆڕشە هەم ڕۆمانی دژە شۆڕش، هەم ڕۆمانی ئازادییە هەم ڕۆمانی دژە ئازادی، هەم ڕۆمانی خۆشگوزەرانی و یەکسانییە هەم ڕۆمانی گەندەڵی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی میللەتێکە.

ڕۆمانی شۆڕشە لەوەدا کە هێشتا پێمان دەڵێت کەسانی جوان و پاک و ناوازە لەناو شۆڕشەکاندا ماون و بە بێدەنگی پاشماوەی ژیانیان بەسەر دەبەن یان بەسەر برد، هاوکات ڕۆمانی دژە شۆڕشیشە چونکە دەڵێت بەرهەمی شۆڕش جگە لە کۆمەڵێک چەتە و دز و خاوەن کۆمپانیا هیچی دیکەی بەرهەم نەهێناوە.


ڕۆمانی ئازادییە چونکە پێمان دەڵێت هەر ڕژێمێک ئازادی تاکەکانی سەرکوتکردوو دەستی چووە خوێنی هاووڵاتییانی بە بیانووی جۆراوجۆرەوە دەبێت شۆڕشی لەدژ بکرێت تا ئازادی بەرهەم دێت، ڕۆمانی دژە ئازادیشە چونکە پێمان دەڵێت شۆڕشەکان زۆرینەی جار دەچنەوە سەر ڕژێمە سەرکوتکەرەکان بەناوی ئازادییەوە ئازادی سەرکوت دەکەن.

ڕۆمانی خۆشگوزەرانی و یەکسانییە چونکە پێمان دەڵێت شۆڕش لەپێناوی خۆشگوزەرانی و یەکسانیدا دەکرێت، بە پێچەوانەشەوە ڕۆمانی گەندەڵی و دژە یەکسانییە چونکە پێمان دەڵێت بەرهەمی شۆڕشەکان ناعەدالەتی و دروستبوونی کۆمپانیای بەرپرسانی و سیاسییەکانە.

لە سپیکردنەوەی خوێن دا نووسەر زۆر بەوردی و ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ زمان و گێڕانەوەدا کردەوە و بەزمانێکی سادە و ڕەوان و کوردییەکەی پاراو مێژووی نووسیوەتەوە و لەڕێگەی کارەکتەر و گێڕانەوە جیاوازەکاندا بەهۆی دەفتەری یادەوەری باوکێکی شۆڕشگێڕەوە دەیەوێت بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە و بەبێ هیچ زیادە خستنە سەر و ماکیاژکردنەوە ڕووداوەکانی دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان و تەنانەت دوای دوو هەزارەکانیشی وەک درامایەکی چەند بەشی دەگێڕێتەوە، دەیەوێت ئەوەشمان پێ بڵێت ئەوەی کە تا ئێستا سیاسییەکان بیرەوەریی خۆیان نووسیوەتەوە مەرج نییە دیوە ڕاستەقینە و تەواوەتی یەکە بێت، بەڵکوو هێشتا خەباتگێڕانێک و ئازادیخوازانێک هەن

به پاکی ماونەتەوە و پێیان شەرم بووە بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە چونکە هەستیان کردووە ئەوان بۆ نووسینەوەی بیرەوەری خەباتیان نەکردووە.
من خۆم جارێکیان لەگەڵ یەکێک لەو خەباتگێڕانە دانیشتبووم زۆرم لێ کرد کە بۆچی هیچی نییە و تا ئێستا بیرەوەرییەکانی خۆی نەنووسیوەتەوە پێی گوتم من هەرچیم کردبێت بۆ خەبات و ئازادی کردوومە شتێکی تێدا نییە شایانی نووسینەوە بێت.
بە بڕوای من نووسینەوەی بیرەوەریی پێویستە و هەموو کەسێک شایانی ئەوەیە بیرەوەریی خۆی بنووسێتەوە و بۆ خۆی هەڵبگرێت، بەڵام پێم وایە مەرج نییە هەموو بیرەوەرییەک شایانی بڵاوکردنەوە بێت.
سپیکردنەوەی خوێن قسەی زیاتر هەڵدەگرێت و دەکرێت ڕەخنەگرانمان (ئەگەر هەمانبێت) وردتر لایەنەکانی شی بکەنەوە و پەیامی پشت ڕۆمانەکە زیاتر بخەنە ڕوو، بەڵام بە نیسبەت منەوە ڕۆمانێکی ناوازە و جوان و شایانی خوێندنەوەیە، هەرکەسێک بیخوێنێتەوە دڵنیام لەوە نائومێد نابێت کە هێشتا لەناو کورددا ڕۆماننووسی باش و چاکمان هەیە.

# گەماڵ..!


ڕۆمان
گەماڵ
خوسرەو جاف

خوسرەو جاف یەکێکە لەناوە هەرە دیارەکانی ناو ڕۆمان و ئەدەبی کوردی، ساڵی 1989 دە ساڵان بووم ڕۆمانی (کۆردەرە)ی خوسرەو جافم خوێندۆتەوە، دواتریش و هێشتا ڕووداوەکانی لەیادەوەریمایە.

دیارە بەحوکمی کۆمەڵێک هۆکار و سەرقاڵی بەکتێبگەلی دیکەوە ماوەیەکی زۆر لەنووسینەکانی دابڕام، لەمڕۆژانەدا کەڵکەڵەی دووبارە گەڕانەوە بۆ لای بەرهەمێکی ئەو ڕۆماننووسە لێیدام و لەکتێبخانە جوانەکەی سەنتەری گەنجان ڕۆمانی (گەماڵ)م دۆزییەوە.

دەتوانین ئەم ڕۆمانە بە ئەدەبی بەرگری وەسف بکەین و بیخەینە ئەو خانەیەوە چونکە ڕۆمانەکە نووسەر لەساڵی 1995 نووسیویەتی و لەشاری بەغدا چاپیکردووە کە دیارە ڕژێمی ئەوکاتی عێراق ڕژێمێکی دیکتاتۆری و سەرکوتکاربووە و ڕێگای بە ئەدەبی ئازاد نەداوە، هەر بۆیە نووسەر ناچار لەزمانی گیانداران و ئاژەڵانەوە دۆخی ئەوکاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیمان بۆ بەیان دەکات و ژیانی جەهەنمی ئەو ساڵانە و ئەو سەردەمە دەخاتەڕوو، هاوکات باس لەناوچە ئازادکراوەکانی هەرێم دەکات و

جۆر و خەبات و ململانێی ئەو سەردەمە ئاشکرادەکات و وردەکاری ژیانی خەڵکی ڕوون دەکاتەوە.
ڕۆمانەکە وردەکاری زۆرە و چێژێکی تایبەتی هەیە و خوێنەر بەجیهانێکی فراوان و جوان لەوشەی کوردی نەبیستراو و کەم بیستراو و گەرمیانانە ئاشنا دەبێت، دواجار هەگبەیەکی پڕ لەو وشانە لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە و لەیادەوەری دا دەمێننەوە.
خوسرەو جاف دەستێکی باڵا و ڕەنگین و جوانی لە وشەسازی و بەکارهێنانی مانادا هەیە و لە هیچ کوێیەکی ڕۆمانەکەدا تووشی بێزاری یان نائومێدی نابیت و تا کۆتا بەدوای چارەنووسی ئەو ئاژەڵە پاڵەوانانەدا دەڕۆیت کە ڕۆمانەکەیان بەرهەم هێناوە.
بەبڕوای من ڕۆمانی (گەماڵ) کاریگەرییەکی دیار و بەرچاوی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (جۆرج ئۆرۆیڵ) (قەڵای جانەوەران)ی لەسەرە کە هەر خودی خوسرەو جاف وەرگێڕانی بۆ کردووە و کردوویەتی بە کوردی، هەر بۆیە لە گەماڵدا بەڕوونی وێنە و کاریگەرییەکانی ئەو ڕۆمانە دەبینین کە ئەویش ڕەتدانەوە و ڕاپەڕین و بەرخودانە لەدژی زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتی بەشەر.

# ئاغا و شێخ و دەوڵەت..!


مارتین ڤان برونەسن
ئاغا و شێخ و دەوڵەت
بەرگی یەکەم
کوردۆ
لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی
چاپی چوارەم

ئێمە زۆرجار ئەو پرسیارە لەخۆمان دەکەین ئەمە چییە ئێستا لەکوردستاندا ڕوودەدات..؟ئەم زیندووکردنەوەی خێڵ و عەشیرەت و دیوەخان و قوتکردنەوەی فڵان هۆز لەدژی هۆزێکی دیکە و هێنانە پێشەوەی فڵان ئاغا لەدژی ئاغایەکی دیکە و پۆست بەخشین بەفڵان بنەماڵە لەدژی بنەماڵەیەکی تر بۆ ڕوودەدات؟ ئەم تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتییە چییە کە هەر ڕۆژێک لەکونجێکی ئەم وڵاتە خێڵێک بەسەر خێڵێکدا دەدات و بنەماڵەیەک لەدژی بنەماڵەیەکی دیکە چەک هەڵدەگرێت؟ ئەم حسابنەکردن بۆ یاسا و سەروەرنەبوونی یاسایە چییە ئێستا لەهەرێمدا دەگوزەرێت و بەردەوام کشتوبڕ ڕوودەدات و گرووپ و هێز و چەکداری نوێ درووست دەکرێت؟.

(مارتین فان برونەسن) کە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان سەدەی ڕابووردوو زۆر شوێنی کوردستانی گەورە گەڕاوە و لەدیاردە کۆمەڵناسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کۆڵیوەتەوە ڕێک دەڵێی ئەم کتێبەی بۆ ئێستا نووسیوە و باس لەئێستای وێرانی خۆمان دەکات کە لەجیاتی ئەوەی ڕەوڕەوی مێژوو بۆ پێشەوە بڕۆیشتایە

کەچی لەڕووە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە هێند بۆ دواوە هاتۆتەوە دەڵێی ساڵانی پێش سەدەی بیستیشە.

ئاغا و شێخ و دەوڵەت کتێبێکە ئەگەر کوردێکیش بینوسیبایە هەر هێندە شارەزایی دەبوو لە دابەشبوونی بنەماڵە و خێزان و تیرە و هۆز و خێڵ و عەشیرەتەکاندا، ئەوەندە بەوردی باسی لەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەکانی ژن و ژنخوازی، دوژمنایەتی و خوێن، شیربایی و جیازی، دیوەخان و زەوی داگیرکردن، شەڕ و دەستگرتن بەبەرژەوەندییەکان، ململانێی و شەڕی دەسەڵات، باج سەندن و سەرانەسەندن، شکستی پرۆژە نەتەوەییەکان و سەرکەوتنی بەرژەوەندی حزب، دەیان و دەیان دیاردەی دیکەی کۆمەڵگای کوردی شیکردۆتەوە و وێنەیەکی وای خستۆتەڕوو بەڕاستی خوێنەر لەئاستیدا واقوڕماو دەبێت کە ئەم نوسەرە هۆڵەندییە چۆن توانیویەتی ئاوا بەوردی کۆمەڵگای کوردی شیبکاتەوە.

ئاغا و شێخ و دەوڵەت هەر بەتەنیا کتێبێکی سادە نیە بۆ زەمەنێک نوسرابێت و تەواو، بەڵکو کاتێک بەوردی دەیخوێنیتەوە و بەراوردێکی ئێستای پێدەکەیت تێدەگەیت ئێستامان چەندە لەڕابووردوو دەچێت،

ئەوەشت بۆ ڕووندەبێتەوە کۆمەڵگای کوردی بۆچی دوای چەندین دەیە لەگەیشتنی بیری چەپ و پێشکەوتنخواز و ڕزگاریخواز و ئازادیخواز کەچی تازە بە تازە گەڕاوەتەوە بۆ سەردەمی خێڵ و بنەماڵەکان و شارەکان لەبری ئەوەی نوێ بن و شارستانی بن و یاسای مەدەنی بەڕێوەی ببات کەچی هاوشێوەی گوندێکی ساڵانی بیست و سییەکانە و سیستەمی نوێی دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی تیایدا زاڵە و حزبەکانیش لەبری ئەوەی حزبگەلێکی پێشکەوتوخوازبن بوونەتە زیندووکەرە و پارێزەری ئەو دیاردانە.
نووسەری کتێبەکە زۆر باسی سەیروسەمەرەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەوەی لێوە فێردەبین بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی حزبەکان لەسەر چی دروستبووە و هۆکاری تەمەن درێژی ئەو حزبانەش چییە کە لەکۆتاییدا پەنا دەبەنەوە بەر عەشیرەت و خێڵ و دەبن بەحزبی بنەماڵە.
لەشوێنێکدا نووسەر نمونەیەکمان بۆ دەهێنێتەوە دەڵێت لەباکووری کوردستان جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێکی چەپی کورددا دانیشتبووم زۆر دژی عەشیرەت و خێڵ و شێخ بوون و ڕەتیاندەکردەوە،

دەڵێت بۆ ئەوەی زیاتر بڕوام پێبکەن وتم من زۆر نزیکی شێخەکەی ئێوەم، نووسەر دەڵێت گەنجەکان ئەمجارە زۆر زیاتر بڕوایان پێکردم و هەموو شتێکی خۆیان بۆ باسکردم!.


لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت لە نزیک قەڵادزێ ئاغایەک هەبوو بەناوی (عەلی ئاغا) زۆر زاڵم بوو، سەرانە و زەکات و باجی زۆری لە مەنگوڕییان دەسەند، دەڵێت کابرایەکی بەناوی (حەسۆ میرخان) لێ پەیدابوو دەریکرد، حەسۆ میرخان جێگای عەلی ئاغای گرتەوە و کوێخای گوندەکەشی گۆڕی بۆ کەسێکی تر و ناوینا مەسئولی حزب، ئەمجارە دەبوو باج و سەرانە لەبری ئەوەی بدرێتە عەلی ئاغا دەدرایە حەسۆ میرخان!.

بەبڕوای من ئەوکەسەی بیەوێت هیچ ڕووداوێک، یان هیچ گۆڕانی هەڵوێستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم کەس یان ئەو حزبەوە لەئێستادا سەرسامی نەکات و شتەناباوەکان بەلایەوە ئاسایی بێت و نەبنە پرسیار خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر پێویستە!

من خۆم ئێستا هیچ ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەم هەرێمەدا نامهەژێنێ و پرسیارم بۆ دروستناکات، هەمووی دووبارەیە و پێشووتر ڕوویداوە.

# ئاڵوگۆڕ؛بەرلین ـبەغدا...

## پاشخانی مێژوویی جەنگێک هێشتا کۆتایی نەهاتووە.


دوارۆژ
DWAROZH
ئاڵوگۆڕ
بەرلین - بەغداد
شۆڕشی ١٤ ـی تەموزی عێراق لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا
د. ئیبراهیم عەلاوی (نەجم مەحمود)
وەرگێڕانی: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

بەیانی ڕۆژی 14 تەمموزی ساڵی 1958، ڕۆژێکی نائاسایی بوو لەعێراقدا، ڕۆژێک کە ڕەوڕەوەی مێژووی عێراقی گۆڕی، بەیانییەک جیاواز لەبەیانییەکانی دیکە تانک و سەربازەکانی سوپای پادشایەتی بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم)لە پادشا هەڵگەڕانەوە و لولەی تۆپ و چەکەکانیان کردە کۆشکی پاشایەتی و لەماوەیەکی کورتدا کۆتاییان بە سەردەمی پادشایەتی و بنەماڵەی پادشا هێنا و لە پرۆسەیەکی قەتڵوعامدا مەلیک فەیسەڵی بچکۆلە و تەواوی بنەماڵەکەیان قڕکرد سەردەمێکی نوێی و کۆماری پڕ لەشەڕ و ئاژاوە و کودەتا دەستیپێکرد.

ئەو شۆڕشەی ئەنجامدرا کە دواتر بە شۆڕشی 14ی تەمموز ناوی دەرکرد هەر بە تەنیا ڕووداوێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو نەخشەی سەقامگیری ئەو سەردەمەی جیهانیشی تێکدا، بەجۆرێک چەند ڕۆژێک دوای ئەوە ئەمریکا سوپای لەلوبنان دابەزاند و بەریتاناش سوپای لەئوردون دابەزاند و سوپای تورکیاش کەوتە ئامادەباشییەوە بۆ داگیرکردنی عێراق و ئێرانیش دەستی بەجموجوڵ کرد و بەریتاناش ڕایگەیاند ئەگەر عێراق کوەیت بگرێت چەکی ئەتۆمی بەکاردەهێنێت و

**سۆڤیەتیش هاتە پشت شۆڕشگێڕانی نوێوە، هاوکات بۆ یەکەمجار هەم بەرژەوەندی ئەمریکا و بەریتانیا کەوتە مەترسییەوە، هەم شەپۆلە شیوعیەتەکەی جەماوەری عێراقیش ترسی خستە دڵی دراوسێکانی عێراقەوە.**

**ماوەی هەفتەیەک زیاترە خەریکی خوێندنەوەی ئەم کتێبە قەبارە زیاد لە 600 لاپەڕەیەی (د.ئیبراهیم عەلاوی)م کە سەرکردەو نوسەرێکی شیوعی ساڵانی شەستەکان بووە و زۆر بە پیشەیی و ئەکادیمیانە و بێلایەنانە وردەکاری ئەو شۆڕشە و کاردانەوە و پاشخانی کێشەو گرفتەکانی عێراق و دراوسێکان و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز و شەڕی بەوەکالەت بۆ ئەو دەوڵەتە زلهێزانە و دەیان بابەت و مەسەلەی دیکەی لەخۆگرتووە.**

**بەڕاستی من وەک خۆم یەکەمجارم بوو بەو جۆرە ئاشنای دنیای نهێنی و ئاڵۆزی ڕووداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەبم.**

**ئەم کتێبە پێمان دەڵێت دەوڵەتی سۆڤیەتی کۆمۆنیستیی چۆن چۆنی یاری بە حزبی شیوعی عێراق و ئامانج و داواکارییەکانی لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا کردووە و**

تەنانەت زۆرجاریش بوونی ئەم حزبەی لەعێراقدا بەزیاد زانیووە.
سۆڤێتییەکان لەپێناوی دەستکەوتی زیاتر لەبەرلین و کۆمارە ڕۆژهەڵاتییەکەی ئەڵمانیا سازشیان بەعێراق و حزبی شیوعییەوە بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا کردووە و دواجاریش کە ئامانجەکەیان هاتۆتە دی نەیانهێشتووە ئەو حزبە بەشداری دەسەڵات بکا و هانی عەبدولکەریم قاسمیان داوە مۆڵەت بەحزبی شیوعی نەدات.
کتێبەکە زۆر بەوردی ئەو ململانێ و شەڕی بەرژەوەندی و سازشکردنەی بەریتانیا و سۆڤیەت و ئەمریکای بۆ یەکتری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرلین و چین و ژاپۆن و کۆریا خستۆتە ڕوو، دواتریش بەریتانیا ئەوەندە ئیشی بە قاسم بووە تا شیوعییەکانی لاوازکردووە و دواتریش کودەتایان لەدژی خۆی ئەنجامداوە و لەناویانبردووە.
کتێبەکە شتی زۆر سەرنجڕاکێشی تیایە و خوێنەر کە دەیانخوێنێتەوە لەوە تێدەگات هەموو ئەم ڕووداوانە یاری دەستی وڵاتانی زلهێزن و ئێمەش قوربانین و هیچی تر.

**گۆڤاری تایم لەساڵی 1957 دەنوسێت:**

**میسرو سوریا نەوتیان نیە، شێخنشینەکانی سعودیەو کەنداویش نەوتیان هەیە بەڵام خاوەنی سەرچاوەی مرۆیی نین، تەنیا عێراقە نەوتی هەبێ و دانیشتوانیشی هەبێ، عێراقیشی بە وڵاتی سێ ڕوبارەکە (دیجلە، فورات، نەوت) وەسفکردووە.**

**لەم کتێبەدا سیاسەت و فێڵ و بەرژەوەندیخوازی و هەنگاوەکانی بەریتانیا بۆ گۆڕینی ڕژێمەکان و پاراستنی هێڵەکانی سیاسەتی پاوانخوازی خۆی زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، بەجۆرێک فێڵی لەئەمریکاش کردووە بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی خۆی بپارێزێت و ئەو دروشمەشی هەڵگرتووە دەستێک کە نەتتوانی بیبڕی ماچی بکە تا ئەو کاتەی کاتی بڕینیت بۆ هەڵدەکەوێ..هەرواشی کرد بە عەبدولکەریم قاسم..!**

**هاوکات ئەم کتێبە وردەکاری ئەو غەدرە مێژووییە گەورە دەخاتە ڕوو کە لەشیوعییەکانی ئەو سەردەمە لەلایەن دەسەڵاتەکەی قاسم و هەندێک لە سەرکردە بێتواناکانی حزبی شیوعی و سۆڤیەت و پیلان و گەلەکۆمەی وڵاتانی زلهێز کراوە و نەیانهێشتووە ئەو حزبە بێتە دەسەڵات هەرچەندە خاوەنی جەماوەرێکی**


بێ شومار بووە بەجۆرێک لە 1ی ئایاری 1959 حزبی شیوعی لەبەغدا خۆپیشاندانێکی 1 ملیۆن کەسی ڕێکدەخات کە بۆ ئەو سەردەمە ڕووداوێکی زۆر گەورەبووە، حزبی شیوعی ئەگەر بیویستایە بەشۆڕش و کودەتا دەسەڵات بگرێتە دەست زۆر بەئاسانی دەهاتە سەر حوکم بەڵام بۆ نەکرا..دیارە سۆڤیەت نەیهێشتووە.

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە ئیدی لەوە تێدەگەیت ئەوەی ئێستا ڕوودەدات درێژکراوەی ئەو شەڕ و ئاڵۆزیانەیە کە لە 1958 لە عێراق و ناوچەکەدا ڕوویانداوە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە.

نەوت و کودەتا و شۆڕش و شەڕ و جەنگ و بەرژەوەندی و قوربانی و ململانێ و ژێرپێخستنی نەتەوە بچووکەکان سیمای ڕووداوەکانی سەد ساڵ زیاتری عێراقە، لەم کتێبەوە تێدەگەیت سیاسەت لای ئێمە هیچ نەبووە و هیچیش نەبووە و تا ماوە هیچیشی لێ نازانین ئەگەر بەو جۆرە بکرێت کە درووشم و هوتافبازی و پۆپۆلستی ئاراستەی بکات و ببێتە ڕابەری.

بخوێننەوە تا چاو و دڵ و مێشکتان بکرێتەوە و لەدنیا تێبگەن.

# شەوکوتەکان...
# چیرۆکی قوربانییە
# ئەشکەنجەدراوەکان..!


ئیبتیسام نەعیم ئەلرۆمی
تۆفیق جانی ئەلناشی
شەوکوتەکان
وەرگێڕانی
جەلال دەباغ

کاتێک عەسکەرەکان لەهەرچی شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەسەڵات دەگرنە دەست و کودەتا ئەنجامدەدەن، ئیدی هەموو بەهایەک لە مرۆڤەکان دەسێننەوە و بەبێ هیچ ترس و لێپرسینەوەیەک هەرچی خودا پێیناخۆشبێت و دژی یاسا و مرۆڤایەتی و ژیاندۆستی بێت ئەنجامی دەدەن، کوشتوبڕ دەستپێدەکەن و دۆزەخی ئەشکەنجەدان بۆ دەستگیرکراوەکان ئامادە دەکەن، ژنەکان ئەتک دەکەن و پیاوەکان لەپیاوەتی دەخەن، نەیارەکانیان دەکەن بە لولەی تانکەکانیانەوە و بەسوکایەتی و بێڕەحمییەکی زۆرەوە دەیانکوژن.

مرۆڤەکان کاتێک دەسەڵاتێک دەگرنە دەست ئەگەر بێت و یاسایەک (تەنیا یاسا) نەبێت لێپیچینەوەیان لەگەڵدا بکات ئەوا دیوە ئاژەڵییەکەی خۆیان دەردەخەن و ئارەزووە پیسەکانی خۆیان لە ئازاردان و چێژبینین لەخوێن ڕشتن و سوکایەتی پێکردن و ئەتککردنی نەیارەکانیان دەبینن، قسەکەی (هۆبز) کە دەڵێت (مرۆڤ گورگە بۆ برای خۆی) لەواقیعدا دەسەلمێنن و لە گورگ خراپتر براکانی خۆیان سەردەبڕن..

(شەوکوتەکان) ڕێک چیرۆکی کادیر و دۆست و لایەنگر و ئەندامانی حزبی شیوعی عێراقە لەزیندانەکانی

حەرەس قەومییەکانی کودەتای ڕەشی 8ی شوباتی 1963دا کە تیایدا بە بێبەزەیترین و بێڕەحمترین و دڵڕەقترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن و دواتریش لەناودەبرێن، چیرۆکی ئەو قوربانیانەیە کە لە (کۆشکی نیهایە)دا بەزۆر دانپیانیان لێوەردەگیرێت و دواتریش تاک و تەرایان لێ ڕزگار دەبێت، چیرۆکی ئەو ژنانەیە کە تەنیا کادیرێکی سادەبوون و ئیشی ڕێکخراوە پیشەیەکانیان کردووە و کتوپڕ لەبێ شانسییان چەرخی ڕۆژگار دەگۆڕێت و دەکەونە بەردەستی جەلادانێک کە تەنیا خوێنڕشتن تێریان دەکات.

وەک لەسەرچاوە ڕزگاربووەکانی ئەو کۆشکە بەدناوەدا دەگێڕنەوە نزیکەی 80 جۆر ئەشکەنجە لەقوربانییەکاندا تاقیکراوەتەوە و مێژووییەکی ڕەشی تیادا تۆمارکراوە، هەر بۆیە مرۆڤ کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە چەندان دیمەنی بەئازار و ناخۆش دەبینێت.

شەوکوتەکان چیرۆکی ئەو هێزانەیە کە بەدرەنگانێکی شەو و بەترس و لەرزێکی زۆرەوە هەڵدەکوتنەسەر ماڵان و نەیارانیان سەرنگومدەکەن، چیرۆکی ئەو ژنانەیە کە بەرگەی ئەشکەنجەدانیان دەگرن و دژی

ستەم دەوەستنەوە، چیرۆکی ئازادیخوازانە لەژێر هەرناوناونیشانێکدا بن کە غەدریان لێدەکرێت و بەبێ هیچ دادگاییەک و پاراستنی بچوکترین مافەکانیان و بەدڕندانەترین شێوە دەکوژرێن.

شەوکوتەکان چیرۆکی هەموو سەردەمێکە کە ئینسان تیایدا بێبەهابکرێت، چیرۆکی هەموو زەمەنێکە کە دۆزەخی زیندانەکان تاوبدرێن، کە ڕێگا بەڕای جیاواز و دەنگی جیاواز نەدرێت، چیرۆکی ئازادییە لەهەموو سەردەمێکدا، بەهەزاران سالّی تر کودەتا ڕووبدات و عەسکەر بێنە دەسەڵات چیرۆکی قوربانییەکانی شەوکوتەکان دووبارە دەبێتەوە.


جەلاد هەر جەلادە و قوربانیش هەر قوربانییە کاتێک بەڕەڵایی و بێ یاسایی باڵادەست دەبێت، هەرچی ناونیشانێکیان هەبێت هەر مرۆڤە و مرۆڤ دەچەوسێنێتەوە، هەر مرۆڤە و سوکایەتی بە مرۆڤ دەکات، هەر ڕووکارە ئاژەڵییەکەی مرۆڤە بەدیار دەکەوێت.

ژنە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە خودی خۆی دۆزەخی بەچاو بینیوە، لەڕاوەڕەکانی زەمهەریرەوە هاتۆتەوە، لەڕاستیدا ئەم ژنە نەک هەر پاڵەوان نییە بەڵکو

**لەهەموو قوربانیترە چونکە بووەتە شایەدی مەرگی هەزارن هاوڕێی خۆی، دەبێت بەچی ئازار و دڵتەنگی و تەنیایی و بێتاقەتییەکەوە ڕووداوەکانی بەبیرخۆی هێنابێتەوە..؟**

**شەوکوتەکان ڕێک چیرۆکی مرۆڤە، کە گورگە بۆ مرۆڤی برای خۆی...کاتێک دەسەڵاتی هەیە و هیچ یاسایەک نییە بۆ لێپرسینەوەی کردارەکانی!!.**

# سەدەی کارەسات.. بەڕاستی کارەسات بوو..!!


برایم فەرەشی
سەدەی کارەسات
گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلووریان
بەختیار عەلی
تا ماتەمی گوڵ...تا خوێنی فریشتە

زۆر جار خوێندنەوەی هەندێ کتێب دەرگایەکی نوێت بەڕوودا دەکەنەوە کە جیاوازە و پێشتر تۆ ئاشنای ئەو دنیا نوێیە نەبوویت بەتایبەت ئەگەر کتێبەکە هەم بیرەوەری و هەم مێژوویی و هەم سیاسی و هەم کتێبی عومری کاراکتەرێک بێت کە ڕاشکاوانە و بێ ئەملاو ئەولا قسە بکات.
بەنیسبەت ئەوانەی شتێک لەمێژووی خەباتی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن ناوی (غەنی بلووریان) ناوێکی نامۆ نییە و پێشتر بەرگوێیان کەوتووە.
مامە غەنی یان غەنی بلووریان کەسایەتییەکی سیاسی بەناوبانگە و 20 ساڵی لەزیندانەکانی ڕژێمی شادا بەسەربردووە، هەر لەدوای ڕووخانی کۆمارەوە و هەر زۆر بەگەنجی تێکەڵی دنیای سیاسەت بووەو کاراکتەرێکی دیار و چالاکی حزبی دیموکرات بووە.
(سەدەی کارەسات) کە گفتوگۆیەکی دوور و درێژە لەگەڵ مامەغەنی و (برایم فەڕشی) لەشاری کۆڵن شەقامی (بەرلین) لەساڵی 1989 تۆماریکردووە هەرچەندە بەشێوەزاری ناوچەی موکریان نوسراوەتەوە بەڵام تا بڵێی کتێبێکی پڕ سوود و بەبایەخ

**و چێژە بۆ کەسانێک بیانەوێ لەو سەدەیە بگەن کە کورد هیچی نەبوو بەهیچ تیایدا.**

**ئەم کتێبە دنیای ئەودیوی ناکۆکییەکانی سەرکردەکانی حزبی دیموکرات لەگەڵ یەکتریدا بەتایبەت ڕەحمەتی (قاسملۆ) و مامەغەنی، ڕۆڵی حزبی تودە و گرووپەکانی دیکە لەڕۆژهەڵات، گفتوگۆکانی کۆماری ئیسلامی و دیموکرات، جیابوونەوەکانی ناو حزبی دیموکرات، پەیوەندییەکانی حزبی دیموکرات و عێراق، شەڕەکانی ڕۆژهەڵات و بێ بەڵێنی خومەینی و ئاخوندەکان، نائومێدی و شکستی سیاسی، پەشیمانی و داننان بەهەڵە نوسەر ئاشکرا دەکات.**

**ئێمە کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنینەوە تێدەگەین کە دنیای سیاسەت و حزبایەتی کوردی چ لێرە بێت یان لەڕۆژهەڵات لەباکوربێت یان ڕۆژئاوا، هەمووی ناکۆکی و ململانێ، جیابوونەوە و حسێب بۆ نەکردنی بەرامبەر، دەست تێکەڵکردن و شەڕ سیمای سەرەکی قۆناغەکانن.**

**ئێمە کاتێک لەخوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبینینەوە تێدەگەین ئەوەی سیاسەتی کوردی ئاراستە دەکات کۆدەنگی و دەستەجەمعی کۆمەڵگا و حزبەکان نییە،**

بەڵکو تاکڕەوی و یەکقسەیی و یەکبڕیاری کەسێک یاخود سەرۆک یاخود سکرتێری حزبێکە کە دواتر بەکارەسات بۆ حزبەکە و بۆ گەلەکەی بەکاردێت، لەنمونەی مامەغەنی و ڕەحمەتی قاسملۆدا ئەمە بەرجەستە دەبێت. بۆ نمونە ئەگەر مامەغەنی لەدیموکرات جیانەدەبوویەوە و بڕوای بەگفتۆگۆی ئاخوندەکان نەدەبوو، ئەگەر قاسملۆ کەمێک سازشی بکردایە و گوێی لەڕای جیاواز لەناو حزبەکەی بگرتایە کارەساتییان بەسەر دیموکراتدا نەدەهێنا.


من چەند شتێک سەرنجیان ڕاکێشام لەخوێندنەوەی ئەم کتێبەدا:

یەکەم/ غەنی بلووریان ڕەخنە لەقاسملۆ دەگرێت گوایە سەرەتا حزبی تودە بووەو لەناو دیموکرات کاری بۆ ئەو حزبە کردووە، ڕەخنەی بلووریان و گرووپەکەی لەقاسملۆ ئەوەبووە نابێت لەگەڵ تودە پەیوەندی هەبێت، کەچی دواتر لەسەر داواکاری تودە غەنی بلووریان و چەند کەسێک لەدیموکرات جیادەبنەوە و پەیڕەوانی کۆنگرەی چواری دیموکرات دروستدەکەن و ئەو حزبە دایکە شەقدەکەن، دواجاریش شکستدێنن و

دەڕۆنە ناو حزبی تودەی ئێرانی و مامەغەنی دەبێتە سەرکردەیەکی ئەو حزبە!.
دووەم/ لەم کتێبەدا مامەغەنی بە ئاشکرا دان بەهەڵەی جیابوونەوەدا دەنێت و پەشیمانە، بڕوای وایە نەدەبوو جیاببنەوەو باوەڕ بەوەبکەن گوایە ئاخوندەکان مافی کورد دەدەن ئەگەر ئەمان بچنە پێشەوە، دەشڵێت زیانمان لەدیموکرات دا، ئەمەش دانپیانانێکی زۆر گرنگە و یەکەمجارە من بیبینم سەرکردەیەک دان بەهەڵەی ستراتیژی خۆیدا بنێت و پەشیمان بێت.
سێیەم/ لەمێژووی جوڵانەوە کوردییەکان ئەگەر هەر حزب و لایەنێک بەتەنیا گفتوگۆی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کردبێت هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە و شکستی هێناوە، مەگەر ئەوکاتەی کورد هەمووی یەک بووبێت شتێک وەدەستکەوتووە.
چوارەم/ حزبی کوردی لەهەر پارچەیەکی کوردستان هەمیشە مەحکوم بووە بە ئینشیقاق و لێکترازان و جیابووەکان جگە لەلاوازکردنی حزبە سەرەکییەکە هیچی دیکەیان بەدەستنەهێناوە.

پێنجەم/ بەخوێندنەوەی ئەم کتێبانە لەوە تێدەگەیت مێژوو هەمیشە خۆی دووبارە دەکاتەوە، جا بەشێوەیەکی تراژیدیش..!.
شەشەم/ هەمیشە وڵاتانی داگیرکەر حزبە کوردییەکانی هەر پارچەیەکیان لەدژی یەکتری بەکارهێناوەو شەڕیان پێکردوون.
قسەیەک دەگێڕنەوە نازانم تا چەندە ڕاستە و لەم کتێبەدا هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە، گوایە جارێک لەجارەکان مامەغەنی قسە بۆ جەماوەری ئازادبووی ڕۆژهەڵات دەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی تێزەکانی کۆنن و بەسەرچوون، خەڵک ناڕازی دەبن لەقسەکانی وهوتاف دەکێشن و دەڵێن؛
مامە غەنی بلووریان
بڕۆرەوە بۆ زیندان...!
دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە لەوە تێدەگەیت بەڕاستی سەدەی ڕابووردوو، سەدەی کارەسات بوو بۆ هەمووومان.

# قوڵنگە کێویەکان...!!


قوڵنگە کێویەکان
سێ کچی وڵاتی چین
یونگ چانگ
وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی
چرۆ وەهبی

**کاتێک لەمرۆڤەکان بێتاقەت و نائومێد دەبم، ڕێک پەنا دەبەمەوە بەر کتێبەکان، کتێبەکان لەئێستادا تاکە هاوڕێمن و تاکە شوێنی ئارامن بۆ دەروون و ڕۆحم، کتێبەکان ئەو جێگایەن کە ئارامیم پێدەبەخشن و بەئاسانی لێیان تێدەگەم و لێم تێدەگەن، من سوپاسی کتێبەکان دەکەم کە وایانکرد بیربکەمەوە، تێبگەم، ڕاستییەکانی ژیانم بۆ ڕوون بێتەوە، لەوسەرەوە لەشتەکان وردبمەوە، شتە ناوازەو جوانەکەی کتێبەکان ئەوەیە هەر ڕۆژێک، هەر جارێک، هەر کتێبێکی نوێ بخوێنمەوە دەیان ڕاستی دیکەم بۆ دەردەکەوێت، بۆم دەردەکەوێت ئێمە هێشتا چەندەمان ماوە لەدنیا بگەین، هێشتا چیمان دیوە، هێشتا دڵۆپێک، قەترەیەک لەزەریاییەکی گەورەی کتێبەکان نەچووەتە گەرووماناەوە.**

**کتێبی (قوڵنگە کێویەکان) چیرۆکێکی جیاوازی ژیانە لەنیشتیمانێکی تر و لەشوێنێکی دیکەی ژیان لەو سەری جیهانەوە، چیرۆکی نەتەوەیەکی جیاوازتر و زمانێکی جیاوازتر، چیرۆکی شۆڕشێکی گەورە، چیرۆکی سێ کچی وڵاتی چین(نەنکێک، دایکێک، کچێک) کە لەسەردەمی پێش شۆڕشی سورەوە**

درێژدەبێتەوە تاوەکو ئەم ساڵانەی دوایی..چیرۆکی سێ نەوە کە شایەتی کوژرانی دەیان ملیۆن کەسن بەهۆی شەڕ و شۆڕش و دژە شۆڕش و چاکسازی و ململانێ و خیانەتی هاوڕێ و براکانی شۆڕش لەیەکتری.

ئەم کتێبە هەم مێژووە، هەم فیلمێکی دوور درێژی ژیانی چینییەکان، چیرۆکی شکستی مرۆڤە لەبەرامبەر زەبروزەنگی شەڕی ناوخۆیی و ئایدۆلۆژیایەکی تاکڕەویدا.

قوڵنگە کێویەکان چیرۆکی شکستی ئایدۆلۆژیایە، چیرۆکی کوشتنی خەونی مرۆڤ و ئازادی تاک و ژیانی شایستە و جوانی مرۆڤە جیاوازەکانە، چیرۆکی بەزۆر درووستکردنی یەک ڕەنگ و یەک شێوەو یەک چوارچێوە و یەک جۆری بیرکردنەوە و ژیانە بۆ نزیکەی یەک ملیار کەس.

مرۆڤ کاتێک لەم کتێبە تەواو دەبێت تێدەگات ئایدۆلۆژیا ئەگەر بیەوێت دەستوەربداتە ژیانی تاکەکەسی چی کارەساتێک درووستدەکات، چی دۆزەخێک دەخوڵقێنێ، وەک نوسەرەکەی لەوەسفی دۆخی ژیانیاندا دەڵێت (ئەگەر ئەم دۆزەخە بەهەشت بێ ئەبێ خودی دۆزەخ چۆن بێت).


چیرۆکی خێزانێکی دڵسۆز و پاک و بێ خەوش و قوربانیدەرە حزبە کەچی دەکەونە بەر ڕەحمی سەرکوتکردن و لەناوبردنی هاوبیران و هاوڕێبازان و هاوحزبییەکانی خۆیان، ئیدی نە قوربانی دەخوات و نە هاوڕێیەتی و نە هاوڕێبازی، حزب چی پێباشە هەر ئەوەیە، ئەوەشی حزب پێی باشە بیروڕای کۆمەڵێکە کە لەسەرەوەن و بەپێوانەی خۆیان چاکە و خراپە دیاری دەکەن.

دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە تێدەگەی لەوەی حزبایەتی و ئایدۆلۆژیای سیاسی لەم ناوچەیەداو لەتەواوی دنیادا کە یەک کەس بوو بە ڕەمز تیایدا ئیدی براکان و هاوڕێکان و هاوفیکرەکان لەهەر ساتێکدا بێت دەبنە دوژمنی یەکتر و یەکتری قڕ دەکەن، دەستیان دەچێتە خوێنی یەکتر و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەناوی بەرژەوەندی حزبەوە براکانی خۆیان دەکوژن و دواتریش خۆشیان دەبنە قوربانی دەستەیەکی دیکە.

ئەم کتێبە بەڕاستی شایانی خوێندنەوەیەو چێژێکی تایبەت و زانیاری زۆری پێبەخشیم.. سوپاس بۆ ئەو هاوڕێیەی بۆی هێنام.

# (لەمەهابادەوە تا بایکانۆر)

## کتێبێک بەتامی ژیان..!!


له مه‌هاباده‌وه
تا بایکانۆر
بیره‌وه‌ری کوردێک له زیندانه‌کانی ستالین
بیره‌وه‌ری دکتۆر ڕه‌حمان حه‌له‌وی
وه‌رگێڕانی: ڕه‌سووڵ سوڵتانی

**"ڕاستە ویستی مرۆڤ کاریگەریی لەسەر هاتنەپێشەوەی ڕووداوەکان هەیە، بەڵام بەڕاستی ئاکامی کارەکە بەتەواوی لەدەستی کەسەکەدا نییە..!!"**

**خوێندنەوەی بەسەرهات و ژیاننامەی هەموو کەسێک چێژو بەهای نییە، تەنیا ئەو مرۆڤانە نەبێت کە بەبێ جوانکردن و خۆ گەورەکردن و درۆکردن ژیانی پڕ لەشکستی خۆیان دەنووسنەوەو لەبری ئەوەی خۆیان بکەنە پاڵەوان جگە لەقوربانییەکی ڕۆژگار هیچی دیکە نین، لەبری ئەوەی دونیایان کاولکردبێت ژیان و دونیا و ڕووداوەکان کارێکیان پێکردووە بەئاستەم چەندین جار لەلێواری مەرگ گەڕاوەتەوەو سەرلەنوێ تێهەڵچووەتەوە.**

**ئەو مرۆڤانەی شکستەکانی خۆیان دەنووسنەوە زۆر جوانترن لەو مرۆڤانەی کە دەستدەدەنە قەڵەم خۆیان وەک کەسانی سەرکەوتوو، بێ گرفت، پاڵەوان نمایشدەکەن، من زۆر چێژ لەگێڕانەوەو ژیانی ئەو کەسانە دەبینم کە لەشکستەوە بەرەو سەرکەوتن هاتوون، ئەوانەی ژیان زللەی بەهێزی بەڕوومەتدا**

کێشاون و تێیگەیاندون بۆ گەشت و سەیران و خۆشی نەهاتوون.
ئەم کتێبەی دکتۆر (ڕەحمان حەلەوی) کە پارێزەرێکی بەناوبانگی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتە یەکێکە لەو کتێبانەی خوێنەر کە دەیخوێنێتەوە و تەواوی دەکات لەخۆی دەپرسێت ئەم مرۆڤە چۆن بەو هەموو نەهامەتیەدا تێپەڕیووەو دواتریش خۆی بنیاتناوەتەوە.
گەنجێک بەخەونی گەورەوە لەگەڕەکە هەرە هەژارەکانی مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ تاران دەکەوێتە ڕێ و لەوێشەوە بەخەونی زۆر گەورەترەوە دەڕواتە باکۆ بۆ تەواوکردنی کۆلیژی پزیشکی، لەوێ غەدری سۆڤییەتەکان و چەقۆی هاوڕێ کوردەکان و لەهەمووشی کارەساتتر لەناوچوونی کۆمارەکەی قازی و کۆمارە سوورەکەی ئازەربایجان هەموو خەونێکی لەباردەبەن و پێش کۆتایهاتنی خوێندنەکەی دەگەڕێندرێتەوە، بەڵام وای لەو مرۆڤانەی خەونیان نییەو بێ خەون ژیان دەگوزەرێنن،ئەمە بۆ پاڵەوانەکەی ئێمە دەستنادات.دوای ماوەیەک جارێکی دیکە بەهیوای وازنەهێنان لەخەونەکانی بەقاچاخ سنوری سۆڤیەت

دەبەزێنێتەوە، ئیدی خراپتر لەدیلی جەنگ، خراپتر لەتاوانبارێکی پیاوکوژ،ژیانی زیندانیکردنی لەزیندانە سوورەکانی سۆڤیەتدا دەستپێدەکات و ستالین و دارودەستەکەی تاڵاوێکی وای بەقوڕدا دەکەن دەساڵ زیندانی بۆ دەبڕنەوە و ئۆردوگا ئۆردوگا، زیندان زیندان بەکۆمارەکاندا دەیگەڕێنن.


ئەم کتێبە ژیانی پڕ چەرمەسەری و کوللەمەرگی نەوەیەکە کە خەونیان بوو دونیایەکی باشتر دروستکرێت کە چی دیکتاتۆرەکان، سیاسییە درۆزنەکان، گەندەڵەکان، ئایدۆلۆژپەرستەکان لەناویان برد.

زیندانەکانی سۆڤیەت جەهەنمێک بوون بۆ خۆیان، ئەوەی ڕێزی مرۆڤبوون بێت نەگیراوە،ئەوەی بوونی نەبووە دادگابووە، لەگۆترەو بەئارەزووی سەرهەنگێک حوکم بۆ زیندانیان دەرکراوە، لەسەر سنوربەزاندنێک دەساڵ دراوەتە کۆڵی نوسەرەکەماندا، بێ ئەوەی لەدادگایەکدا بوەستێنرێت، کتێبەکە دەیان چیرۆکی کەسانی دیکەی تێدایە.

نووسەر بەم شیعرەی (یەغمای جوندوقی) تەعبیر لەبەختی خۆی دەکات:

(یەغما من و بەخت و شادی پێکەوە سەفەرێکمان کرد لەدنیای نەبوونەوە..
وەک ناشارەزایان لەنیوەی ڕێیە بەختم خەوت
شادی ملی ڕێی گرت و من و خەم ماینەوە..)
نووسەر چی دیووەو چی بینیوە بۆمان دەگێڕێتەوە، بێ زۆرلەخۆکردن و ڕێکخستنی ڕووداوەکان، بێ ئەوەی هەستبکەیت لەشوێنێکا دژیەکییەکی هەیە، ژیانی خۆی وەک ئەوەی لەناو جەهەنمدا بێت دەگێڕێتەوە، دواتریش چیرۆکەکانی دیکەی ژیانی تا سەرکەوتنەکانی لەدوادوایدا، کۆڵنەدان و وازنەهێنانی، شەڕکردن لەگەڵ چارەنوس و زاڵبوون بەسەر نەهەماتییەکاندا بەشێکی گرنگی ئەم کتێبەن.
یەکێک لەو چیرۆکانەی کە سەرنجی ڕاکێشام، چیرۆکی گەنجێکە لەسۆڤیەت بەتۆمەتی سیخوڕی چەندین ساڵ حوکمی دەدەن، دواتر کە ئازاد دەکرێت و دەنێردرێتەوە بۆ ئێران، لەلایەن ڕژێمی شاوە دەگیرێت و بەتۆمەتی سیخوڕی بۆ سۆڤیەتەکان چەند ساڵێک حوکمدەدرێت.
ئەم کتێبە وانەیە بۆ کۆڵنەدان و شکست نەهێنان لەژیاندا، بۆ بێهیوانەبوون و خەونبینینی گەورە لەدونیادا.

# مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییە..


واسینی ئەلئەعرەج
مرۆڤێک
ناوی
لە ناواندا
نییە
دوا شایەتحاڵ لەسەر کوشتنی شارەکانی دەریا
وەرگێڕانی
سەباح ئیسماعیل


نائومێدی قۆناغێکە لەقۆناغەکانی هەموو دوای شۆڕشێک، گەندەڵی، دزی، بێ یاسایی، مەحسوبیەت و نزیکی، دەوڵەمەندبوونی کتوپڕ، قۆرخکردن و کپکردنی دەنگانی ناڕازی، کوشتن و تیرۆرکردن و سەرنگومکردن، تەنانەت لەخودی شۆڕشیشدا ، لەکاتی شۆڕشیشدا یەکترکوشتنی براکان، هاوڕێکانی شۆڕش، خستنەداو و فێڵکردن لەیەکتری، تۆمەتهەڵبەستن و فریودان، بەکارهێنان و سیخوڕیکردن، گوللەبارانکردن و شاردنەوەی لاشەکان سیمایەکی دیاری شۆڕشەکانی دنیابووە، شۆڕشی جەزائیریش یەکێکبووە لەو شۆڕشانەی کە شۆڕشگێڕەکان دواجار دەبنە بازرگان و ژیانی ئەو خەڵکەی کە ملیۆنێک شەهیدیان لەپێناوی ئازادی بەخشیوە دەکەنە دۆزەخ و تابێت خۆیان دەوڵەمەندتر و بەختەوەرتر دەبن و خەڵکەکەش هەژارتر و ژیانی کولەمەرگیتر، نیشتیمانی جەزائیر دەبێتە زیندانێک تەنانەت بواری هەناسەدانی تیادا نامێنێتەوە، تەنانەت دەسەڵاتێکی گەورەو گران لەڕێپۆرتاژێکی سادەی ڕۆژنامەنوسێک دەترسێت کە بەدوای چارەنوسی خوێنی شەهیدێکدا دەڕوات کە لەزەمەنی شۆڕشدا براکان بەتۆمەتێکی هەڵبەستراو

لەدارستانێکدا گولەبارانی دەکەن و چاڵی گۆڕەکەی بەدەستی خۆی هەڵدەکەنن و ئێسک و پرووسکەکەی تیادا فڕێ دەدەن و تاهەتاهەتایە گۆڕەکەشی بەشوێن بزربوویی دەمێنێتەوە.
(مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییە)تابڵێی ڕۆمانێکی قورسە لەڕووی تێگەیشتنەوە، ئێستا، یادەوەری، داهاتوو هەمووی لەگێڕانەوەدا تێکەڵاو دەبێت و خوێنەر دەبێ زۆر بەووردیی و وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دێڕەکانیدا بکات، لەو ڕۆمانانەیە کە هۆش پەرتدەکات و ناهێڵێت خوێنەر لەسەر یەک ڕیتم لەگەڵیدا بڕوات، بەڵام وەرگێڕانە جوان و وردەکەی کاک (سەباح ئیسماعیل) جوانییەکی دیکەی بەم ڕۆمانە داوەو لەمیانی خوێندنەوەدا بۆت دەردەکەوێ چ ماندووبوونێک و زەحمەتێکی بەدەستییەوە کێشاوەو شایانی دەستخۆشییە.
ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی ڕەخنەکردنی شۆڕش نییە، ڕۆمانی ڕەتکردنەوەی شۆڕش نییە، ڕۆمانی ڕەخنەکردنی ئەو کاراکتەرانەیە کەبەناوی شۆڕشەوە شۆڕش دەدزن و دەبنە بازرگان، ڕۆمانی دژە ئازادی نییە، ڕۆمانی ڕەخنەکردنی سەرکوتکردنی ئازادییە لەدوای شۆڕش،

ڕۆمانی قوربانییەکانە، ڕۆمانی شەهیدەکانی شۆڕشە کە هاوڕێکانیان لەبیریانکردوون و لەبورجی عاجدا دانیشتوون.

# سوودەکانی شەڕ..

## کتێبێک دەبێت هەمووان بیخوێننەوە..!!


سوودەکانی شەڕ
نووسینی ئاری بن مۆناشێ
وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە

مرۆڤ کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە ئیدی لەوە تێدەگات کە ئەوەی بەگوێکان و بەچاوەکانی لەمیدیاوە لەسەر ڕووداو و ململانێ و شەڕەکان و سیاسەتەوە دەیبیستێ و دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە جگە لەدرۆ و پەردەپۆشکردن و ماکیاژکردن هیچی دیکە نیەو دنیایەکی نهێنی دیکە هەیە لەژێرەوە کە ڕووداوەکان درووست دەکەن و ئاراستەی دەکەن و پەرە بە ناکۆکی و شەڕەکان دەدەن و ئەوەی بەلایانەوە جێبایەخ نەبێت مرۆڤ و ڕۆحی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤەکانە و تەنیا و تەنیا قازانجی ماددی خۆیان و ڕەفاهیەتی ژیانی خۆیانیان دەوێت.

(سوودەکانی شەڕ) کتێبی ئەفسەرێکی بەڕەگەز ئێرانی-ئیسرائیلی دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلییە کە بەشدارە لە فرۆشتنی چەک بە وڵاتی ئێران لەساڵەکانی 1980- 1988ی جەنگی عێراق -ئێران دا و سەدان نهێنی ئاشکرا دەکات.

ئەم کتێبە کە بڵقێکە لەدەریایەکی گەورەی فرۆشتنی چەک و درووستکردن و بەردەوامیدان بەجەنگەکان لەو ساڵانەدا تەنیا یەک پەیامان پێدەڵێت کە ئەویش ئەوەیە هەمیشە جەنگەکان لەدنیا بەردەوامی هەیە

ئەویش بە قازانجی کۆمەڵە کەسانێک کە لەدوورەوە لەبری هەر فیشەکێک کە کەسێکی بێگوناهی پێ دەکوژرێت چەند دۆلارێک دەخەنە گیرفانیانەوە. ئەم کتێبە کتێبێکە هەموو ئەو درووشمانە پووچەڵدەکاتەوە کە جەنگێکی هەشت ساڵەی دوو وڵاتی دراوسێی وەک عێراق و ئێران دا لەپێناودا بۆ هەڵگیرسا و یەکێکیان بەناوی هەناردەی شۆڕش و ئەمریکا و ئیسرائیلی شەیتانەوە ملیۆنان گەنجی کردە قوربانی و یەکێکی دیکەشیان بەناوی پاراستنی نەتەوەی عەرەب و قادسیەوە ملیۆنان عێراقی کردە سووتەمەنی و هەمووشیان جگە لەدرۆیەک هیچی دیکە نەبوون و حەزی شەڕانگێزی دوو کەس و دوو دەسەڵات و دوو گرووپی گەمژەو لەخۆبایی بوو کە بە درووشمەکانیان دوو وڵاتیان هەزاران ساڵ بردە دواوە و ئابوورییەکەیان داتەپاند و چەندین نەوەیان لەژیان بێبەشکرد و داهاتوویان وێران کرد.


دوای خوێندنەوەی سوودەکانی شەڕ ئیدی نەک هەر باوەڕت بە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیەی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست نامێنێت، بگرە ناواخنی هەمووشیانت بۆ

دەردەکەوێت و دەزانیت لەچی مەعدەنێکەوە هاتوون و لەچی سەرچاوەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە..
حەزدەکەم هەندێک نمونە باسبکەم؛
نوسەری کتێبەکە دەڵێت هێشتا جەنگی عێراق-ئێران دەستی پێنەکردبوو ئێمە دەمانزانی ڕوودەدات، هەربۆیە هێشتا فیشەکێک نەتەقێنرابوو ئێمە ئەوەندە چەکمان بەئێران دابوو نزیکەی یەک ملیار دۆلار خێرمان کردبوو.
دەڵێت ئاخوندەکانی ئێران بەدرێژایی هەشت ساڵەی جەنگ چەکیان لەئێمە وەردەگرت و ئەمریکاش لەولاوە چەکی بە عێراقییەکان دەدا، ئێمە پێمان وابوو تا لەیەکتری بکوژن قازانجی ئیسرائیلە.
دەڵێت کاتێک جەنگەکە دەستیپێکرد، ئێرانیانی دەرەوە داوایان لەمۆساد کرد کودەتایەک لە ئێران ڕێکبخات و خومەینی لابەرێت، بەڵام نەیاندەزانی ئێمە خومەینی نیعمەتێک بوو خودا بۆی ناردبووین تا ئەوەی دەمانەوێت بێتە دی.
دەڵێت لەساڵی 1988 تاوەکو 1991 نزیکەی 19 زانای ئەتۆمیمان لەئەوروپا کوشت کە کاریان لەبەرنامەی ئەتۆمی عێراقدا دەکرد.

دەڵێت ئێرانییەکان زانیارییان لەسەر پێگە ئەتۆمییەکانی عێراق دا پێمان و ئێمەش دواتر لەرێگای ئەو فەرەنسیانەی کاریاندەکرد لەو شوێنەدا ئامێری هەستیاری شوێن دەستنیشانکردنی وردمان دانا و بەفڕۆکە و بەئاگاداری ئێران بنکەکەمان خاپوورکرد.
دەڵێت ئەمریکا لەڕێگای وڵاتانی شیلی و ئەفریقای باشور و ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکەوە چەکی کیمیاوییان بە عێراق دەدا تا لەبەرامبەر ئیسرائیل بەهێزبێت و ناچارمان بکەن بچینە ناو پرۆسەی ئاشتی فەڵەستینییەوە، هەروەها ئیسرائیل پێی باشبوو دەسەڵاتی ئوردون بدرێتە فەڵەستینییەکان و دەوڵەتێکی فەڵەستینی لەو وڵاتە دامەزرێت، بەڵام ئەمریکا دژی ئەوەبوو.
دەڵێت گرووپمان درووستکردبوو لە فەڵەستینییەکان تا لەوڵاتانی جیهان ئیسرائیلی بکوژن، دواتر ئێمەش خەباتی فەڵەستینییەکان ناشیرین بکەین.
ئەم کتێبەو ئەم نوسەرە جا چیمان بۆ ئاشکرا ناکەن و پێ ناڵێن..؟ .
کۆتایی کتێبەکەش دەیان ڕووداو و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی دیکەی تیادایە.

بەڕای من پێویستە هەموو کەسێک ئەم کتێبە شەش سەد لاپەڕەیە بخوێنێتەوە تا ئیتر بزانێت لەچواردەوری و لەدنیادا چی دەگوزرێت و چۆن چۆنیش ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویداوە لەئێستاشدا بۆ هەر جەنگێک کە لەدنیادا ڕووبدات ڕوودەدات و دووبارە دەبێتەوە، بۆی دەردەکەوێت هەمیشە کارخانەی مرۆڤ کوشتن و چەک کڕین و چەک فرۆشتن بەردەوامی هەیە.

# كۆتاییەكانی مونیف..!


عەبدو الرحمان مونیف
کۆتاییەکان
رۆمان
سالح محەممەد ئەمین
گۆڕیویەتی بۆ کوردی

"لەوەرزی قاتی و نەهات دا ژیان و شتەکان دەگۆڕێن...تەنانەت خەڵکەکەش دەگۆڕێن...هەڵس و کەوتیشیان دەگۆڕێت، قاتی ناسۆری وا لەدەروونداا بەرپا دەکات سەرەتا نادیارە، بەڵام ساتە تووڕەیی یەکان، ئەوانەی کە زۆر دووبارە دەبنەوە، خێرا دەریان دەپەڕێنێ، دەیانکاتە دوژمن، سەرکێش، لەوانەشە بێ شومار شێوە بگرنەوە، خۆ کە هەور بەبەرزی و تیژ تێپەڕێ، ئەوا ئەو کاتە سەر بڵند دەکرێن و سەرنجەکانیش پڕ لەقین و جنێوو بەرەنگار بوونەوە دەبن!".

ئا بەم چەند دێڕە نووسەری گەورەی عەرەب (عەبدولڕەحمان مونیف) ڕۆمانی کۆتاییەکان دەستپێدەکات و سەرەتای دنیابینی خۆی بۆ ژیان و مرۆڤدۆستی بونیات دەنێ.

دەستپێکی ئەم ڕۆمانە بەو وشە کاریگەرو سیحراوی و سامناکانە لەسەر برسێتی و قاتوقڕی و نەبوونی و نەهاتییەدا بۆ ئەوانەی کە بەو دۆخەدا تێپەڕیوون چەقۆیەکی تیژە و بیرەوەری بریندارد‌ەکات و دەیکولێنێتەوە.

نەهاتی و نەبوونی، بێ کاری و وشکەساڵی، گرانی و نەگبەتی، ماڵئاواییکردنی سەوزایی و کۆچی باڵندەکان، تێکچوونی دەروونی مرۆڤ و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی دەردی کوشندەی هەموو سەردەمێکی قاتوقڕین.

مونیف لەڕێگەی کەسایەتی (عەساف) و شارێکەوە بەناوی (تیبە) دۆخی تەواوی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەکانمان بۆ دەخاتەڕوو،عەساف کەسایەتییەکە خاسیەتە سەرەکییەکەی ئەوەیە لەهیچ کەسێکی دیکەی کۆمەڵگا ناکات و سەر بەهیچ نوخبەیەک نییە، ئەو لەخەڵکەکەیە کە ژیان زۆر بێڕەحمبووە لەگەڵیدا و بەهەتیوی گەورە بووە، لەخۆشەویستیدا شکستی هێناوە و سەگێکی کردۆتە هاوڕێی خۆی، هەربۆیە هەندێک لەخەڵکەکە بەشێتی لەقەڵەم دەدەن، بەڵام ئەو خاوەن ڕۆشنبیرییەتیەکی عەمەلییە، بنەماکانی کشتوکاڵ و ڕاو و کەشناسی فێربووە، ڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵاتیانەی هەیە کەوایکردووە بتوانێت هونەری پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەچاکی بزانێت چ لەڕووی قسەکردنەوە یاخود گوێگرتنەوە، ڕۆشنبیریەکی ئابووری و فیکری

کەلتوورییانەی هەبێ و چێژ لەجوانییەکانی سرووشت و ڕۆح ببینێ..
عەساف نە پاڵەوانەو نە دژە پاڵەوان، عەساف ناپاڵەوانێکە کە لەژیانی خۆیەوە هۆشیارییەکی وای بەدەستهێناوە کە بەمانای کەلیمە کردوویەتی بە مرۆڤ و لەوانی دیکەی جیاکردۆتەوە و وایلێکردووە کە بزانێت دواجار مرۆڤ و سرووشت چارەنوسێکی هاوبەشیان هەیە و مرۆڤ چارەنوسی خۆی بەدەستی خۆیەتی و دەبێت لەهێزە دەرەکییەکانی وەربگرێتەوە.
عەساف کەسایەتییەکە لەڕێگەی دیالۆگ و تێڕوانینی و ڕەفتارە سەیرو سەمەرەکانی و هەوڵەکانی بۆ خۆشبەختکردنی ئەو ماڵانەی بەڕاوەکانی ئەم ژیان بەڕێدەکەن و دەژین وا دەکات خۆشت بوێ و بڕواتە دڵتەوە.
عەبدولڕەحمان مونیف لەکەسایەتییەکی سادەو شارێکی سادە و سەحرایەکەوە دونیایەکی جیاوازی بۆ خوڵقاندووین کە ئیدی نەبوونی تەنگی پێهەڵچنیوەو خەڵکەکەی بۆ ژیانکردن پەنا دەبەنە بەر ڕاوکردن و چاوەڕوانیکردنی دەستی حکومەتێک کە ئەو

بەنداوەیان بۆ درووستبکات کە هەرگیز درووستناکرێت.
بەبڕوای من کۆتاییەکان سەرەتایەکی جوانە بۆ ئاشتکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە و ئاو و سروشت و بیابان و هەور و ئاسمانەکاندا، کۆتاییەکان زمانێکی ئەدەبیانەی بەرز و وەرگێڕانێکی دانسقەی ساڵی 1987ی (ساڵح محەمەد ئەمین)ە کە بەخوێندنەوەی چێژێکی تایبەتت پێدەبەخشێت و هەستی مرۆڤبوون و ئاشتکردنەوەی ژیانت لەلا درووستدەکات.
"خەڵکی چۆن چۆنی دەتوانن تا ئەم ماوە دوورو درێژە بێ دەنگ بن؟چۆن دەتوانن هەموو ئەو ووشەو دەنگانە لەبیرکەن کە ژیانیان بەوانە دەستی پێ کردبێ و، لەشتە نەبینراوەکانیش ڕزگاریان بێ؟".

# ملوانكەیەک بۆ (سەرمیناز)...!


ئەحمەدخان ئەبوبەکر
خەناوکەیەک بۆ سەرمیناز
وەرگێڕانی
ئەبوبەکر خۆشناو

تاکە شتێک کە بەنەمری بۆ هەموو زەمان وساڵەکان دەمێنێتەوە تەنیا نوسینە..تۆ تەماشای ئاینە ئاسمانییەکان بکە، ئیسلام قورئان و مەسیحی ئینجیل و جولەکە تەورات، کتێبی نوسراون و ساڵان و زەمان کۆنی نەکردوون.هێزی نوسین جیاواز لەهەموو هێزەکانی دیکەی مرۆڤ و ژیان توانایەکی سەیری هەیە بۆ کاریگەربوون و مانەوە.مرۆڤ لەڕێگەی نووسینەوەی خۆی بەنەمری ناهێڵێتەوە(ڕەنگە خەونێکی بچوکی وای هەبێت) بەڵکو دەیەوێ ڕووداوەکانی ژیان و هەست و هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بۆ هەموو سەردەمەکان پیشانی نەوەکانی دی بدات..چی سیحرێکە نوسین کە مرۆڤ سەرسام دەکات و ناخی هەڵدەوەشێنێ.

ئەم ڕۆمانە ڕێک ئەو پەیامەی هەیە، هیچ شتێکی ژیان بەهای نوسین و گێڕانەوە و دنیابینینی نییە.ئەوە نوسینە عەشق درووستدەکات و مانا دەبەخشێتە خۆشەویستی و جوانییەکانی ڕادەگرێت و ناهێڵێت بمرێت. شتەکانی دیکەی ژیان هەموو دەمرن بەڵام نوسین نا.

پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە دەکەوێتە کێبڕکێوە بۆ بەدەسهێنانی کەسێک، عەشقێک، (سەرمیناز)ێک، دەڕوات، شاران و وڵاتان و گوندەکان دەگەڕێت، خەڵکانی جیاواز و کەلتوری جیاواز دەبینێت، توشی ناڕەحەتی دەبێتەوە تا لەڕکابەرەکانی بباتەوەو عەشقی سەرمیناز بەدەستبهێنێت، ڕێگای زۆر تاقی دەکاتەوە، شتەمادییەکانی دنیا جاروبار فریوی دەدەن، بەڵام خۆی ڕادەستناکات.

وشە عەشق لەپەلوپۆ دەخات و ناچاردەبێت خۆی ڕادەستبکات، بەڵام ئایا خودی وشە عەشق نییە..!!

هەموو سەرەتایەک بەڕێگایەک دەستپێدەکات، هەموو ڕێگایەکیش بەهەنگاوێک، هەموو هەنگاوێکیش بە بڕیاردانێک.. لەم ڕۆمانەدا هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ پاڵەواندا دەڕۆین و هەستدەکەین ئەوە ڕۆحی ئێمەیە دەڕوات..سەربووردە، بەسەرهات، پەندو قسەی جوان، ململانێی و شەڕ، میواندۆستی و کەلتووری چیاییەکان،بەهارو زستان و هاوین و پایز، دەبینین و لەڕادەبەر حەزدەکەین پاڵەوان بەردەوام بێت و ئەوەی بۆی دەگەڕێت تا دڵی مەعشوقەکەی پێ دڵخۆشبکات بیدۆزێتەوەو بەدەستی بهێنێت..بەدەستی

دەهێنێت..!بەڵام چی...ملوانکەیەک، خەناوکەیەکی جیاواز لەهەموو ملوانکەو خەناوکەکانی دیکە!!!
چێژی ئەم کتێبە بەتەنیا لە چیرۆکەکەیدا نییە، لە دنیا جوان و تایبەتەکەی ژیانی داغستانی و چیاییەکانە، لەکەلتوور و ژیاندۆستیانە کە مرۆڤ یەکسەر ئاواتەخوازە بۆی بلوێ سەفەرێکیان بۆ بکات.
ساڵانێکی زۆرە ئەم ڕۆمانەم هەیە، ماڵ بەماڵ، کارتۆن بەکارتۆن، خانوو بەخانوو لەگەڵ خۆمدا گێڕام و وازم لێنەهێنا تا لەم چەند ڕۆژەدا بۆم ڕێکەوت بیخوێنمەوە، ئەبوبکر خۆشناو (ڕۆحی شادبێت) وەرگێڕێکی ناوازەو دانسقە و لەبیرکراوە، کەمترین گرنگی پێدراوە لەکاتێکدا زمانەکەی، ڕۆشنبیرییەکەی، هەڵبژاردە وەرگێڕدراوەکانی بۆ نمونە ڕۆمانی(بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە)، خزمەتێکی زۆریان بەدنیای ئەدەبی کوردی کردووە و بەداخەوە زۆر بەکەمی باسکراوە.
لەکۆتایی ئەم ڕۆمانەدا تێدەگەیت هیچ شتێک بەهای وەک ئەو خەناوکە نیە کە بۆ سەرمیناز هێنراوەو پێی دەبەخشرێت.
بەڕاستی ئەم ڕۆمانە شایانی خوێندنەوەیە.

# دۆن ئارامە..!


میخایل شۆلۆخۆف
دۆنی ئارام
ئەو ڕۆمانەی خەڵاتی نۆبڵی پێدراوە
وەرگێڕانی
محەمەد حەمەساڵح تۆفیق
لێمانی - 2005

شۆلۆخۆف لەدنیای ئەدەبیاتدا ناو و پێگەیەکی گەورەی هەیە، زمانێکی سادە، وەسفی جوان، چیرۆکی کاریگەر و واقیعی، پاڵەوانەکانی کەسانی سادەو ئاسایی ناو کۆمەڵگان بەبێ ڕتوش و هیچ ماکیاژکردنێک دەیانخاتە ڕوو.

دۆنی ئارام چیرۆکی ژیانە، چیرۆکی خۆشەویستی و جوانی و دواتریش مەرگ و کاولکاری، چیرۆکی مرۆڤە، منالی و هەرزەکاری و گەنجێتی و دواتریش پیری و مردن.چیرۆکی دنیایە..ژیانی ئاسایی و دواتریش پاوانخوازی و شەڕو داگیرکردن و دەستبەسەراگرتن و کوشتارو مردن.

دۆنی ئارام کتێبێکی گەورەی زیاد لە 500 لاپەڕەیە، کە دەستپێدەکات گوندێکی جوان، مرۆڤگەلی خۆشبەخت و ئاسایی، ژیانێکی سادە پڕ لەجوانی و ژیانکردن و خۆشەویستی و خێزان و کشتوکاڵکردن و ڕاوە ماسی و سروشتێکی جوان نمایشدەکات، خوێنەر حەزدەکات لەو دۆخ و کەشوهەوایە دەرنەچێت، تیایدا بژی، ئاشنای ژیان و کەلتور و ڕۆشنبیری قەوزاقەکانی ڕووسیا بێت، بەدوای چارەنوسی پاڵەوانەکانیادا بچێت، گوێ لەخەم و ئازارەکانیان بگرێت، تەماشای خۆشەویستیان

بکات..بەڵام کتوپڕ جەنگ دێت و وەک هەمیشە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت، هەموو جوانییەکان دەبات و وەک ڕەشەبایەکی ژەهراوی گوندەکە تێکدەدات و گەنجەکان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەی پۆڵەندا و ئەڵمانیادا دەدا بەکوشت.
شۆڵۆخۆف وەک ئەوەی فیلمێک بگێڕێتەوە ئاواهی ئەم ڕۆمانەی نوسیوە، سەرەتا ئارامین و دڵخۆش و پێدەکەنین، کتوپڕ ئاوازەکە بەرزدەبێتەوەو دڵمان دەکەوێتە لێدانی خێرا، لەگەڵ دیمەنە خوێناوی و کوشتوبڕەکانی بەرەکانی جەنگدا دەڕۆین، کاراکتەرەکان دەبینین یەکە یەکە دەکوژرێن، جەنگ هەمووان ماندوو دەکات و ژنەکان بێوەژن و مناڵەکان بێباوک دەکات، عاشقان لەیەک دەکات و خەونەکانیان دەباتەگۆڕ.
شۆڵۆخۆف بەوەوە نەوەستاوەو لەهەناوی شەڕێکی جیهانی گەورەی یەکەمدا، جەنگێکی دیکە دەکاتە چارەنوسی پاڵەوانەکانی و تیایاندا دەیانگەوزێنێت کە ئەویش جەنگی سپی و سورەکان، بەلشەفی و دژە شۆڕشەکان، بەلشەفی و جوداخوازەکانی قەوزاق، جەنگی ناوخۆیی ڕووسیایە.

وەک ئەوەی پێمانبڵێت دڵخۆشنەکەن، ئەگەر جەنگی گەورەش تەواوببێت جەنگی بچوک لەژیاندا هەر بەردەوامی هەیەو دەمێنێت، وەلێ ئەم جەنگەیان کوشندەتر وبێبەزەیتر و بەئازارترە، چونکە جەنگی براکانە، جەنگی دراوسێکانە، جەنگی هاوگوندییان و هاوشارییانە لەگەڵ یەکتری کە هەر یەکەی باوەڕی بە بیروباوەڕی خۆی هەیە.

ئەوەی وایکردووە شۆڵۆخۆف خەڵاتی نۆبڵ لەبەرامبەر ئەم کتێبەیدا وەرگرێ ئەوەیە ئەو هەرچەندە نوسەری سەردەمی سۆڤیەتییەکانەو ئایدیاو بیروباوەڕی سووری هەبووە، بەڵام زۆر بەبێلایەنانە، بە هەستێکی مرۆڤانەوە دۆنی ئارامی نوسیوەو مرۆڤی خستۆتە پێش هەموو بیروباوەڕێکەوە.


ئەوەی جێگای سەرنجە لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە ئەو گوندەی کەپێشوتر هەمویان وەک برا پێکەوە دەژیان و ژیانیان بەشکردبوو، جەنگی ناوخۆیی هەمویان لەیەکتری دەکاتە دوژمن و بەدوای تۆڵەوەن بۆ یەکتری و دەبنە قوربانی چەک و بیروباوەڕی یەکتری، هاوشانی ئەم یەکتر قڕکردن و یەکتر کوشتن و گولەبارانکردن و دادگا سەربازییانە، هێڵێکی کاڵ

**لەڕۆمانەکەدا بۆ خۆشەویستی و عەشق کێشراوەو ئەو هەستە مرۆڤانەیە هیچ جەنگ و شەڕ و کوشتارێک نەیتوانییوە لەناوی ببات.**

**دوای ئەم ڕۆمانە ناچاردەبێت زانیاری لەسەر ناوچەی (دۆن) و قەوزاقەکان بخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت ئەوان میللەتێکن لەلایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە قڕکراون و لەناوبراون و دورخراونەتەوەو مەحروکراون، دواتر لەدوای ڕوخانی سۆڤیەت دان بەقڕکردنیاندا نراوە و ڕێز و ئیعتیبار بۆ کەلتووریان گەڕێندراوەتەوە.**

**بەبڕوای من پێویستە هەموو خوێنەرێک بۆ یەکجاریش بێت ئەم ڕۆمانە بخوێنێتەوە، تا تێبگات جەنگ و کاولکاری و دۆگمای بۆ هەر ئایدیایەکی سیاسی چی کارەساتێک بەسەر مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و سروشت و مرۆڤایەتیدا دەهێنێت.**

# لەپشت پەردەکانی شۆڕشەوە..


له پشت پەردەکانی شۆڕشەوە
یاداشتەکانی جەعفەری شەفیع زادە.
فەرماندەی یەکەی تایبەتی .شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران..
ئاکام حەمەامین لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی

مرۆڤ کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە ئیدی لەوە تێدەگات دەسەڵات و حزب و کاریزما و کەسایەتییە سیاسییەکانی دەسەڵاتدار لە ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە چەندە ناوەڕۆک بۆشن و چۆن بوکەڵەیەکن ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسرائیل دروستیان دەکات و دەیانخاتە سەر تەخت و وەک بوکەڵەیەک هەڵیاندەسوڕێنێ تا کاری پێیەتی دواتر جێگۆڕکیان پێدەکات و کاراکتەری تازەیان بۆ دەهێنن..وەک ئێرانی سەردەمی شا و سەردەمی خومەینی..

لەهەمووشی سەیرتر ژنێکی سەر بەدەزگای هەواڵگری ئەمریکی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لەهاتنەوەی ئیمام و هاوسەفەری بێت و دواتریش دەوڵەتێکی ئامادەکراوی پێشکەشبکات.!

ئەم کتێبە ئەگەر لەسەدا پەنجاشی ڕاستبێ کەدڵنیام هێشتا کەمی وتوەو زۆری ماوە، ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەو ڕژێمی ئێرانەی ئێستا چ کاتێک و لەکوێ تەونەکانی چێنراون و دەرخواردی ئەو میللەتە گەورە و ڕۆشنبیرەی وڵاتی ئێران دراوە، بۆ هیچ نا تەنیا بۆ ساڵانێکی دواتر و ئێستا تا ئەمریکا سەیدی ناوچەکە بێت و بێمنێتەوە..بیهێننە پێشچاوی خۆتان

دەسەڵاتێک ئەمریکا لایبدات و دەسەڵاتێکی نوێی ئاخوندی بەریتانیا و ئەمریکا بەرهەمیانهێنابێ چۆن دەهێڵن بڕوخێت.. دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە پاسەوانی تایبەتی خومەینی نوسیویەتی تێدەگەیت بۆچی هێشتا سەد دۆلار زیاتر لە چوارملیۆن تمەنە و سەرەڕای نەبونی و گرانی و لەسەدا نەوەدی خەڵکیش لەو دەسەڵاتەی ئێستا نارازییە کەچی ناڕوخێت..سوریا و ئێران پێکەوە دەمێننەوەو پێکەوە دەڕوخێن.